# ڕۆمانی پەروەردەیی و شێوەی دەرکەوتنی لە ڕۆمانی کوردیدا

**ID No. 329**

(PP 1 - 19)

https://doi.org/10.21271/zjhs.26.6.1

**محمد بەکر محمد**

بەشی کوردی، کۆلیژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

mohammad.bakir@su.edu.krd

**چرا بلال نادر**

بەشی کوردی، قوتابی ماستەر

Chra.nader@student.su.edu.krd

**وەگـــــــرتن : 2022/05/29**

**پەسندکردن : 2022/07/03**

**بڵاوکردنەوە : 2022/12/25**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە، لەژێر ناونیشانی (ڕۆمانی پەروەردەیی و شێوەی دەرکەوتنی لە ڕۆمانی کوردیدا)یە، کە بەشێکی وەرگیراوە لە نامەی ماستەر، لەم توێژینەوەیەدا ئاماژە بە بابەت و بواری پەروەردە دەکریت، وەک بابەتیکی گشتی، کە پەیوەستە بە ژیانی مرۆڤەوە، چۆنییەتی ڕەنگدانەوەی ئەم بابەتە لە ناو جۆرێکی ئەدەبیدا خراوەتەڕوو کە بریتییە لە ژانری ڕۆمان و لە سنوری ئەدەبی کوردیدا.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم توێژینەوە کار لەسەر ناوەڕۆکی دەق دەکات و ڕێگایەکە بۆ خستنەڕووی ڕەهەندە پەروەردەییەکان و بەها ڕەوشتییەکان و شێوازی بوونیان لە ناوەڕۆکی دەقی ڕۆمانی کوردیدا، پەروەردە دیاردەیەکی چالاکە بەشدارێکی سەرەکییە لە بوون و مانەوەی مرۆڤدا، پەیوەستە بە سەرەتاکانی ژیانی مرۆڤ و لە یەکەم ساتی چاوهەڵێنانی مرۆڤایەتی بە ژیاندا دەستی پێ کردووە، بەشێوەیەکی ناپرۆگرامی و پراکتیکی لەسەر بنەمای کاروکاردانەوەدا، دوای دروستبوونی ژیانی کۆمەڵایەتی و شارستانییەتیە جۆراوجۆرەکان ئیتر پەروەردەی تیۆری دێتە پێشەوە، بەم جۆرە پەروەردە وردە وردە خۆی لە ناو سیستەمێکی زانستی و ئەدەبی و هونەری بەرجەستەکرد.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا پەیوەندی پەروەردە بە ئەدەبەوە خراوەتە بەرباس و ئەرکی ئەدەب لە پرۆسەی پەروەردە و وێنە کردنی ڕەهەند و جۆرەکانی پەروەردە دێتە پێشەوە و ژانری ڕۆمان لەم ڕوانگە و چوارچێوەیەدا چ ئەرکێکی هەیە و شێواز و جۆرەکانی پەروەردە بەپێی جۆرەکانی ڕۆمانی کوردی تیشکیان خراوەتە سەر.

**کلیلە وشەکان:** پەروەردە، ڕۆمانی پەروەردەیی، ئەرکی ئەدەبی، ناوەڕۆک، شێوازی دەق.

## پێشەکی

ئەم ناونیشانەی سەرەوە، لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر جۆر و شێواز و ڕەهەندی پەروەردەیی لە ناو دەقی ڕۆماندا بەگشتی و لە ڕۆمانی کوردیدا بەتایبەتی، پەیوەندی ئەدەب و پەروەردە لەم ڕووەوە دەخرێتەڕوو، چونکە ئەگەر لەسەر ئاستی شێوازناسی پەیامداری لە دەقی ئەدەبی بڕوانین، ئەوا بێگومان دەقی ئەدەبی پەیام و ئەرکێکی ڕوشتی و پەروەردەیی لەخۆ دەگرێت، ئەمەش لە ناو ژانری ڕۆماندا چڕتر دەبێتەوە بەهۆی بوونی ئەزموونی جۆراوجۆر و ڕووداو ی جیاجیای ناو گێڕانەوەکاندا.

پەروەردە دیاردەیەکی چالاکە بەشدارێکی سەرەکییە لە بوون و مانەوەی مرۆڤدا، پەیوەستە بە سەرەتاکانی ژیانی مرۆڤەوە و لە سەرەتادا بە شێوەیەکی نا پرۆگرامی و لەسەر بنەمای کاروکاردانەوەدا دەستی پێکردووە، دوای دروستبوونی ژیانی کۆمەڵایەتی و شارستانییەتیە جۆراوجۆرەکان، ئیتر پەروەردەی تیۆری و پرۆگرامی زانستی و پەروەردەیی سەلمێنراو دێتە پێشەوە.

بێگومان ئەدەب و پەروەردە وەک دوو بابەتی زیندوو پەیوەستییەکی قوڵیان بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە، هیچ کاتێک نەکراوە لە تاک و کۆمەڵگا داببڕدرێن، پەیوەندی ئەدەب و پەروەردەش لەگەڵ یەکتردا پەیوەندییەکی دوو لایەنەی بەهێزە، کە هەردووکیان بە ڕێگە و تایبەتمەندیی خۆیانەوە کاریگەرییان بەسەر یەکترەوە هەیە، هەروەکو چۆن پەروەردە و بابەتی پەروەردەیی هزر و هەست و سۆز و خەیاڵ و زمانی نووسەر و شاعیر پەروەردە دەکەن، ئاستی ئەدەبی و هونەری گەشە پێدەکەن، کە دەقی ئەدەبی بەرهەم دەهێنێت، بەهەمان شێوە دەقی ئەدەبیش بەهۆی بوونی ناوەڕۆک و پەیامی پەروەردەیی جارێکی تر دەبێتەوە بە کەرەستەی پەروەردەکردنی تاک، واتە پەروەردە چۆن ئەدەب بەرهەم دەهێنێت، دەقی ئەدەبیش لەو ڕێگەیەی، کە تاک بۆ پەروەردەیی جۆراوجۆر ئاراستە دەکات، دەبێتەوە بەرهەمهێنەری پەروەردە، لێرەوەیە، کە پەروەردە و ئەدەب وەک دوانەیەک سوود و جوانی

بەیەکتر دەبەخشن، لە ڕوانگەی تیۆری سوودی ئەدەبییەوە، کە وای دەبینێت ئەدەب ئامرازێکە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕەوشت و پەروەردەی تاک، چونکە بەرهەمی ئەدەبی کۆگایەکە ئەزموون و دنیابینی و هزری مرۆڤایەتی هەڵگرتووە، ئەم ئەزموون و دنیابینیەش پڕیەتی لە ڕەهەندی پەروەردەیی و ئامۆژگاری و فکری ئاراستەکردنی ڕەوشتی تاک و کۆمەڵگە، چونکە خۆی لە بنەڕەتدا بەرهەم و داهێنانی کەسێکی پەروەردە کراوە، کەسێکە بە پەروەردەی جۆراوجۆر بینا کراوە و پڕکراوە، ئەم نووسەر و شاعیرە هەموو ڕەهەندە مادی و مەعنەوییەکانی پەروەردەکراوە، زەوق و سەلیقەی هونەری و زمان و هزر و بیرکردنەوە و خەیاڵ و هەست و سۆز و هەموو لایەنەکانی تر، ئیتر پەروەردەکردنی هەموو ئەم ڕەهەندانەی تاکە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی جوانی، دەق، واتە جوانی بەرهەمی ئەدەبی پەیوەستە بەو پەروەردانەوە، بۆیە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی لە ڕووی ناوەرۆک و ڕوخسارە وە پەیوەستە بە جۆر و شێواز و ئاستی پەروەردەکردنی خودی نووسەرەکەوە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، پشت بە ڕێبازی (وەسفی ـ شیکاری) بەستراوە، هەروەها سود لە میتۆدی کۆمەڵایەتی وەرگیراوە، چونکە خۆی پەروەردە دەبێتە بەشێک لەبواری کۆمەڵایەتی. دوای  وەسفکردن و خستنەڕووی زانیاری لەسەر چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە لە ڕووی تیۆرییەوە، ئینجا ئاماژە بە شێوازی بەرجەستەبوون و جۆر و ڕەهەندەکانی پەروەردە کراوە لە ناو ڕۆمانە کوردییەکاندا بەگشتی.

گرنگی ئەم لێکۆلینەوە لەوە دایە، کە لە ڕوانگەی سودی ئەدەبییەوە لە دەقی ڕۆمانی کوردی دەڕوانێت و لە  چوارچێوەی مەبەست و بابەتی پەروەردییەوە ناوەرۆکی ڕۆمانی کوردی لێکدەداتەوە.

سنوری لێکۆلینەوەکە: لە چوارچێوەی ناوەرۆکی ڕۆمانی کوردی ئەنجامدراوە و لە ناو مەبەست و بابەتەکانی ناوەرۆکیش بابەتی پەروەردەیی و ڕەهەندی پەروەردەیی وەرگیراوە و خراونەتەڕوو. کە ئەمەش بەم شێوەیە پێشتر کاری توێژینەوەیی لەسەر نەکراوە و هەر ئەمەشە، کە بووەتە هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکییەك و سێ تەوەرە پێکدێت: تەوەرەی یەکەم، ناساندنی چەمکی پەروەردە و پرۆسەی پەروەردەی لەخۆگرتووە، لە تەوەرەی دووەمدا باس لە پەیوەندی ئەدەب و پەروەردە و ئەرکی ئەدەب لە پرۆسەی پەروەردەکردندا کراوە، لە تەوەرەی سێیەمدا بە شێوەیەکی گشتی ئاماژە بە چەمک و پێناسەی ڕۆمانی پەروەردەیی و بابەت و جۆرەکانی ڕۆمانی پەروەردەیی کراوە. ئینجا ڕۆمانی پەروەردەیی کوردی و بابەت و شێوازەکانی خراونەتەڕوو.

لە کۆتایشدا ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە چەند خاڵێکدا کورت کراونەتەوە، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

**١.١. چەمک و پێناسەی پەروەردە**

پەروەردە وەک زاراوەیەکی سەربەخۆ بەهۆی پەلهاویشتنی بۆ هەموو بوارەکانی ژیان بۆچوون و لێکدانەوەی جیاجیای بۆ کراوە، پەیوەستبوونی پرۆسەی پەروەردە بە هەموو کایە مادی و مەعنەوییەکان وای کردووە تەنانەت خودی زاراوەکەش خوێندنەوەی جیاجیای بۆ بکرێت،  زاراوەی پەروەردە بەرامبەر بە وشەی (Education) زمانی ئینگلیزی دەوەستێت، کە لە وشەی (Educe)ەوە سەرچاوەی گرتووە و بە مانای (لێوەر گرتن یان لێدەرهێنان) دێت، جگە لەمە بۆ چەند مانایەکی تری پەیوەست بە بواری فکری و مەعریفی شۆڕبۆتەوە.

پەروەردە لایەنێکی سەرەکی و گرنگە لە دیاریکردنی شوناسی مرۆڤبوون و بوون و شێوازی مانەوەی مرۆڤی پێوە بەندە، پەروەردە بابەتێکی گشتییە و پەیوەستدارە بە کۆمەڵێك بوار و ڕەهەندی ترەوە، وەك ڕەهەندی دەروونی وکۆمەڵایەتی و سروشت و ژینگەی  ژیانی تاك و ئاستی ڕۆشنبیری و شارەزایی تاکەوە، هەموو ئەم ڕەهەندانەی ژیان کاریگەرییان بەسەر پەروەردەی ژیانی مرۆڤەوە هەیە و تاك بۆ مامەڵە و شێوازی پەروەردەی جۆراوجۆر ئاراستە دەکەن. لە لایەکی تریشەوە پەروەردە و پرۆسەی پەروەردەکردن پەیوەستە بە هەموو بوار و پسپۆڕییەتێکەوە و هەر یەکە لە بوارەکانی ئایینی و فەلسەفی و سایکۆلۆژی و کۆمەڵناسی و سیاسییەوە پرۆسەی پەروەردە کردن جێگای سەرنج و تێڕامانی زاناکانە، لەبەر ئەوەی پەروەردە هەر تەنیا لە ژێر کاریگەری ڕەهەندێکی دیاریکراو نییە و تایبەت نییە بە بوارێکی دیارکراوەوە، ئەمەش وای کردووە کە پەروەردە لێکدانەوە و خوێندنەوەی جیاجیای بۆ بکرێت و لە چوارچێوەی زانستییەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، بۆیە دەبینین کە پەروەردە پێناسەی جیاجیای بۆ کراوە، زاناکان و فەیلەسوف و شارەزایانی بواری پەروەردە لە ڕوانگەی ڕەهەندە کاریگەرییەکان و بوار و پسپۆڕییەتە جیاجیاکانەوە چەندین پێناسەیان بۆ پەروەردە خستووتەڕوو، بەمەش نەکراوە پەروەردە لە ژێر چەتری یەک تاکە پێناسەی گشتیدا بناسێندرێت،

لەگەڵ پێشکەوتنی ژیانی تاک و کۆمەڵگا و شێوازی ژیانی کۆمەڵگا جیاجیاکان پێناسە و خوێندنەوەکانیش بۆ پەروەردە و پرۆسەی پەروەردەکرنی تاک گۆڕانی بەسەر دادێت.

بەڵام ئەوەی کە جێگیرە لە پەروەردەدا ئەو ڕۆڵ و گرنگیەیە، کە پەروەردە لە ژیانی مرۆڤدا، لە ڕابردوودا هەیبووە و لە داهاتووشدا دەیبێت، بوون و شێوازی ژیانی مرۆڤ، تەنانەت زیندەوەرەکانی تریش وابەستەی شێواز و جۆری پەرەردەکەیە، بۆیە (پەروەردە ناسنامەی مرۆڤەکانە و لەو ساتەوەی ژیان دەستی پێکردووە پەروەردەش شان بە شانی مرۆڤەکان ئامادەیی و بوونی خۆی وەک بەشێکی گرینگ و پێداویستییەکی سەرەکی پاراستووە،... وە تا ژیانیش لەسەر ئەم زەمینە مابێت پەروەردە حوزورێکی بەرجەستەی دەبێت و وەک بەشێکی دانەبڕاوی ژیان چ لەسەر ئاستی تاک وە یاخود کۆمەڵگە درێژە بە بوونی خۆی دەدات، چونکە داڕێژەر و پێکهێنەری تاک و کۆمەڵگەیە وە هیچ کەسێک شک نابرێت لە پەروەردە دوور و دابڕاو بێت)(ئەمین، ٢٠١٢، ل٩). هەر کۆمەڵگایەک و هەر کەسێک لە هەر قۆناغیکی مێژوودا بوویێت، دابڕاو نەبووە لە پرۆسەی پەروەردەکردن، بە جۆرێک لە جۆرەکانی خۆی پەروەردە کراوە و ڕۆڵیشی هەبووە لە بەرهەمهێنانی بنەمای پەروەردەییدا، ئیتر ژیان بێ پەروەردە هیچ بەها و مانایەکی بۆ نامێنێتەوە، هەروەکو جۆن دیوی (١٨٥٩-١٩٥٢) دەڵێت: (مەبەست لە پەروەردە بریتییە لە خودی ژیان نەک ئامادەکاری بێت بۆ ژیان، پەروەردە خۆی گەشەکردن و فێرکردن و بنیاتنان و تازەکردنەوەی پرۆسەی کۆمەڵایەتی و ئەزموونەکانە)(الصواف، 2004ـ 33ـ34). ژیان خۆی بریتییە لە پاکێجی پەروەردە و پەروەردەش لە ژیاندا خۆی نمایش دەکات، واتە ژیان خۆی لە خۆیدا دەفرێکە و پڕیەتی لە بنەما و بەهای پەروەردەیی.

پەروەردە خۆی لە خۆیدا بریتییە لە مامەڵە و ئاکاری تاک و شێوازی ژیانی کۆمەڵگا، هەر بۆیە بەشێک لە فەیلەسوفەکان، لەم ڕوانگەیەوە لە پرۆسەکە دەڕوانن، هەروەک دەبینین، کە (ئەفلاتوون لە کتابەکەیدا بە ناوی کۆمار، شێوازی پەروەردەیی دیاریکراوی بۆ کۆمارەکەی دەستنیشان کردووە، لە ڕوانگەی ئەفلاتوونەوە پەروەردە پرۆسەی ڕاهێنانی ئاکارییە یاخود هەوڵدانێکی ئارەزوومەندانەی نەوەی کۆنە لە پێناو گواستنەوەی داب و نەریتی باشی ژیان، هەروەها گواستنەوەی ئەو حیکمەتەی، کە گەورەکان بە ئەزموون پێی گەیشتوون بۆ نەوەی تازە)(عەبدوڵلا، ٢٠١٠، ل١٧). دەبینین، کە ئەفلاتوون لە ڕوانگەی فەلسەفەکەیەوە جەخت لەسەر جیهانی نموونەیی دەکاتەوە، بۆ ئەمەش هەموو شتەکان و دیاردەکان لە چوارچێوەی نموونەیی بوون و باڵا بوون پێناسە دەکات ئەفلاتوون بە دوای دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی نموونەییەوەیە لە کۆمارەکەیدا بۆ ئەمەش پێویستە پەروەردەیەکی باش و نموونەیی پێشکەش بە تاک بکرێت، بەمە ژیانی تاک و کۆمەڵگا دەبێتە ژیانێکی نموونەیی، بەمە دەبینین، کە ئەفلاتوون لە پێناو ژیانێکی نموونەیی جەخت لە پەروەردە دەکاتەوە. بۆیە بەشێک لە زاناکان لە پێناو تەواومەندییەتی ژیان و باشی ژیان جەخت لە پەروەردە دەکەنەوە، هەروەکو هربرت سپێنسر(١٨٢٠-١٩٠٣) دەڵێت: (پەروەردە بریتییە لە پرۆسەی ئامادەکردنی هەمەلایەنەی مرۆڤ تاوەکو بتوانێت لە ژیانێکی تەواومەندییەتیدا بژیت)(لالاند، ٢٠٠١، ج٢، ٢٢). بە لای سپێنسرەوە پەروەردەکردن دەبێت لە پێناو ڕاستکردن و تەواومەندی ژیانی تاکدا بێت، بەمەش پەروەردە هۆکارێکی بەهێزە لە ژێر دەستی مرۆڤ تاوەکو بتوانێت ئەم ژیانە تەواوەی پێ بدۆزێتەوە.

پرۆسەی پەروەردە پەیوەستە بە چەند چەمک و پرۆسەیەکی ترەوە، ئینجا هەریەکە لە ڕوانگەی بیرکردنەوەی ئایدیا و فەلسەفەکەی خۆیەوە ئەو چەمک و پرۆسەیەی بەکار بردووە بۆ چییەتی چەمکی پەروەردە، بەمە دەبینین، کە پەروەردە خۆی لە پرۆسەیەکی عەقڵی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی دەبینێتەوە، بریتییە لە پرۆسەی فێرکردن و ئەزموونداركرنی تاک، بۆ بە دەستهێنانی پلەی تەواومەندییەتی، لە لایەکی تر پەروەردە بریتییە لە گەشەپێدان و بنیاتنانی تاکێکی دروست لەسەر بنەمای سروشتی خودی و ئەزموونداری، بەخشینی لێهاتوویی بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ سروشت و پێداویستییەکانی ژیان و ژینگەی کۆمەڵایەتی، هەموو ئەو جەختکردنەوانە لە بۆچوون و پێناسەکان بەدی دەکەین. بەشێوەیەکی گشتی پەروەردە خۆی لە گەشەپێدانی توانا و لێهاتوویی دەروونی و عەقڵی تاک دەبینێتەوە، بە شێوەیەک کە لە گەڵ سروشتی ژیانی فیزیکی و ژیانی کۆمەڵایەتی و ئایینی تاک بگونجێت و هەڵدەستێت بە ڕێکخستن و گونجاندنی مامەڵە و ڕەفتاری تاک لە چوارچێوەی ئەو ژینگە مادی و مەعنەوییەی کە بۆی دانراوە.

١.٢. ئەرکی ئەدەب لە پرۆسەی پەروەردەکردندا

بەشێویەکی گشتی بەرهەمی ئەدەبی، لە چوارچێوەی جۆرە ئەدەبییەکەی خۆی، ئینجا هەر جۆر و ژانرێک بێت وەک: (ئەفسانە، سەرگوزەشتە، هەقایەت، پەندی پێشینان، چیرۆک ، شیعر، ڕۆمان،... هیتر)، ئەوا هەڵگری پەیام و ناوەرۆکێکە، کەم تا زۆر بە ئەرێنی یان نەرێنی بە بەرپرسیارییەتی ڕەوشتی خۆی هەڵدەستێت، چونکە خۆی لە خۆیدا ئەم ناوەرۆکە گوزارشتە لە ڕەهەندی دەروونی و هزری پەروەردەکراوی نووسەر و شاعیر، (مەیل و ئارەزووی زگماکی مرۆڤ بۆ ڕەوشت ئەم ئومێدەمان لەلا

دروست دەکات، کە ئەدەب پیویستە بتوانێت ببێتە مایەی بڵاوکردنەوەی پەروەردە و ئەزمووونی ڕەوشتی و لە ئەنجامیشدا ببێتە مایەی هەڵسەنگاندنی ڕەوشتی، بەڵام لە هەمان کاتدا ناشتوانرێت ڕێژەی پێوەرە ڕەوشتییەکان لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان لەبەر چاو نەگیرێت، ئەوەی خولقێنەری پێوەرە پەروەردەیی و ڕەوشتییەکانە لە ناو کۆمەڵگا مرۆییەکاندا، وێڕایی ڕەهەندە زگماکی و ویژدانییەکان، ڕەگ و ڕیشەیەکیشی لە هۆکارە جەستەیی و دەروونی و نەژادی و ئایینی و بیروباوەڕەکان و نەتەوە و هۆکارە کۆمەلایەتییەکاندا هەیە)(ئیمامی، ٢٠١٨، ل٢٢٨). بەجۆرێک لە جۆرەکان پێکهێنەرە دەروونی و عەقڵییەکانی ئەم نووسەر و شاعیرە پەروەردەکراون، ئەم پەروەردەیەش لە ژێر کاریگەری ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکرا و بەپێی بنەما و باوەڕی جۆراو جۆر و ڕووداو و ئەزموونی گشتی و کەسیدا خۆی دەبینێتەوە، ئیتر هەر ئەم پەروەردەیەیە، کە وەکو ناوەڕۆک دەڕژێتە ناو هزری دەقی ئەدەبییەوە، هەر ژانرێکی ئەدەبی، کە لە لایەن نووسەر و شاعیرێکەوە دەنووسرێت ئەوە ڕوونە، کە ئەو نووسەر و شاعیرە ئاستێکی پەروەردەیی زمانەوانی و مەعریفی و ئاینیی و کۆمەڵایەتی و هونەری خۆی هەیە، ئەمەش لە ژینگەی پەروەردەکردنی تایبەت بەخۆیەوە دروستبووە، کە تێدا لە ڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووری و ئایینی و مەعریفییەوە پەروەردە کراوە و ئاکار و ڕەوشت و چالاکییەکانی لەسەر ئەمە بینا کراوە، ئەمەش وادەکات، کە بەرهەمەکان لە ڕووی ناوەڕۆکەوە جوانی و جیاوازی بدەن بەدەستەوە و ئەگەر دوو بەرهەم و دەقی ئەدەبی لەسەر یەک بابەتیش بن، ئەوا هەرگیز لە یەك ئاستی جوانی و پەیامداری پەروەردەییدا نین، چونکە هەر یەکەیان نوێنەرایەتی بارودۆخێکی پەروەردەیی جیاواز دەکات، بۆیە دەبینین، کە هەر نووسەرێك کۆمەڵێك بابەتی تایبەتی خۆی هەیە، کە بۆ بەرهەمهێنانی دەق سوودیان لێ وەردەگرێت، ڕێژە و جۆری ئەو وێنانەی نووسەرێك بەکاری دەهێنێت، بە ئەزموون و پەروەردەوە و هۆکاری تری تایبەت بە نووسەرەکەوە پەیوەستن، جوانکاری ئەدەبیش خۆی لە خۆیدا هەر لەم بەرپرسیارییەتدایە، هەروەکو "سانتیان" لەم بارەیەوە دەڵێت: (جوانی لە بنەڕەتدا، تەنیا گوزارشتکردنە لە پەروەردەی باش و جوانی ڕەوشت و کردار)(سانتیان، ١٩٧٠، ل٢٩٢_٢٩٣).

یەکێک لە بابەتە گرنگەکانی ناو ئەدەبیاتناسی بەتایبەتی تیۆری ئەدەبی، بریتییە لە ئەرکی ئەدەب، بە درێژایی مێژوو ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆری ئەدەبی لە ڕێگەی تیۆری جۆراو جۆر و میتۆدی رەخنەی جیاجیاوە هەوڵی ئەوەی داوە ئەرکی ئەدەب و کاریگەری ئەدەب بەسەر ژیانی تاک و کۆمەلگاوە دەربخات.

بوونی ئەدەب و سەرهەڵدانی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی هەر لەسەرەتاوە خۆی لە خۆیدا لە پێناو بەجێگەیاندنی ئەرکێک لە ئەرکەکاندا بووە، چونکە ئەدەب خۆی بەرهەمی تاکێکە، کە بە ئەزموون و پەروەردەی جۆراوجۆر بارگاوی کراوە، بیر و سۆز و خەیاڵ و توانا زمانەوانی و چێژ بینین و توانای هونەری و ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی نووسەر لەسەردەم و ژینگەیەکی دیاریکراودا پەروەردەکراوە و نووسەر بۆ نووسینی دەقێک سوود لەم پەروەردەکردنەوە وەردەگرێت و هەر ئەم پەروەردەیە جارێکی تر دەڕژێنێتە ناو ناوەڕۆکی ئەدەب و پەیامی بەرهەمەکەی لێ پێک دێت، ئیتر ئەم ناوەڕۆکە ڕووبەڕووی خوێنەر دەبێتەوە و خوێنەریش سروشتی کارتێکراوی هەیە و ئامادەباشی هەیە بۆ وەرگرتنی بابەتی پەروەردەیی بەمەش پەیوەندی لە نێوان ئەدەب و خوێنەر دروست دەبێت و لەم پەیوەندییەشەوە ئەدەب بە ئەرکی پەروەردەیی خۆی هەڵدەستیت، ئەم ئەرکەش لێکەوتەی جۆراوجۆری هەیە و توانای بەرهەمهێنانی گۆڕانکاری فکری و ڕەوشتی و دەروونی هەیە لەسەر ژیانی تاك و کۆمەڵگا. (دەقی ئەدەبی وەك سەرخانێك کاریگەریی بەسەر ژیان و گۆڕانی ژێرخانی کۆمەڵگاش هەیە، چونکە سروشتی دەق بەهۆی لەخۆنانی چەندین پەیام و مەبەستی جۆراو جۆرە، ئەرکی جیاواز ڕادەپەڕێنی، وەك "ئەرکی زانستی و فێرکردن و ئاینی و ڕەوشتی و هونەری و سیاسی و کۆمەڵایەتی......تاد". دەق ناتوانێت خۆی لە فۆڕم و بوونێکی ئەبستراکت و داماڵدراو لە ئەرکدا بەرجەستە بکات، بەڵکو دەق سیفەتی نوێنەرایەتی هەیە، لە پێویستییەکانی کۆمەڵگاوە سەرهەڵدەدات، بۆ پڕکردنەوەی پێویستی تری کۆمەڵگا لە هەمان قۆناغ یان لە قۆناغێکی تردا)(مەلازادە، ٢٠٢٠، ل٤٢).

هەر بۆیە دەبینن هەموو میتۆد و تیۆرەکان جەختیان لەسەر ئەرکی ئەدەبی کردووتەوە و هەر یەکەیان لەگۆشەیەکەوە لە گرنگی و سوودی ئەدەب دەڕوانن و لە چوارچێوەی بۆچوونی تیۆری و ڕەخنەیی خۆیانەوە جەخت لە ئەرکی ئەدەب دەکەنەوە، بۆ نموونە هەندێکیان باس لە ئەرکی دەروونی دەکەن و هەندێکییان باس لە ئەرک و سوودی کۆمەڵایەتی و ئایینی دەکەن و هەندێکیشیان تەنیا جەخت لە ئەرکی زمانەوانی و هونەری ئەدەب دەکەن. بۆ نموونە لە سەردەمی یۆنانییەکان لە سەر بنەمای ڕەوشت و پێوەرە ئاکارییەکانەوە ئەم بابەتە لێکدەدرایەوە، (ئەرکی شعر لە تێروانینی یۆنانییەکاندا، پابەند کرابوو بە هەموو چالاکییەکانی مرۆڤەوە، هەر لە کار و پەروەردەکردنەوە بیگرە تا دەگاتە فەلسەفە و ئایین، بەم هۆیەشەوە بووە، کە تیۆری ئیستاتیکی یۆنانی لە ڕوانگەیەکی ڕەوشتیەوە لە هونەریان ڕوانیوە و مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە((ئیسماعیل، 2009، ل11). لەسەر

هەمان بنەمای رەوشتی فەیلەسوفەکانی یۆنان لە شیعر و ئەدەبیان ڕوانیوە، وەک دەبینین، کە (لای ئەفلاتوون شیعر تێکدەری ڕەوشت بوو و ئەرستۆش لەو باوەڕەدابووە کە شیعر هاوسەنگییەکی هەڵچوونی دەروونی دروست دەکات، کە لەئەنجامدا هاوسەنگییەکی رەوشتی و ڕەفتاری دروست دەبێت، هەردووکیان بایەخیان بە ئەرکی کۆمەڵایەتی شیعر دەدا)(قەرەنی، 2007، ل70). هەریەکە لە ئەفلاتوون و ئەرستۆ لەسەر بنەمای کاریگەری ئەدەب لە پەروەردەکردنی بیر و دەروون و هەست و سۆزەکان باس لە گرنگی و سودی ئەدەب دەکەن، بەلای ئەفلاتوونەوە ئەدەب ڕۆڵێکی خراپ دەگێڕێت لەسەر پەروەردەکردنی تاک و دەروونی خەڵک تێکدەدات و بەمەش زیان بە ڕەوشتی و ئاکاری گشتی کۆمەڵگا دەگەیێنێت، (ڕەوشت یەکێکە لەو لایەنانەی، کە ئەفلاتون زۆر گرینگی پێداوە، بە بۆچونی ئەو شیعر کاریگەری خراپ لەسەر ڕەوشتی هاوڵاتیان هەیە، چونکە شعر ڕوودەکاتە هەست و سۆز لەبری ئەوەی ئەرکی شعر وشک کردنی سۆزە خراپەکانی بێت، کەچی بە ئەرکێکی پێچەوانە هەڵدەستێت ئەویش وروژاندنی هەست و سۆزی خەڵک و گڕ تێبەردانێتی بەمەش لە بەکارهێنانی عەقڵ دووریان دەخاتەوە و وایان لێدەکات ڕووبکەنە سۆز، کە ئەمەش لایەنێکی نزمە و ترس و بەزەیی دەوروژێنێ وئەو ترسەش لەگەڵیدا بەردەوام دەبێت لەئەنجامدا مرۆڤێکی ترسنۆک و ڕاڕا و بێ هەڵوێستی لێ دەردەچێت، بە بەردەوام بوونی کات کۆمەڵگەیەکی ترسنۆک دروست دەبیت کە توانای بەرگریان لە خاکەکەی خۆیان نییە، بۆیە ئەمە دەبێتە هۆیەک لەلای ئەفڵاتون بۆ دەرکردنی شاعیران لە کۆمارەکەیدا)(گەردی، ٢٠١٧، ل٤٩). ئەفلاتوون و ئەرستۆ هەردووکیان ئاماژەیان بە ئەرک و ڕۆڵی ئەدەب کردووە، کە پێیان وایە بە دوو ئاراستەی جیاواز کار لە پەروەردەکردن دەکات، بەبڕوای ئەفلاتوون دەبێتە هۆی تێکدانی ڕەوشتی هاوڵاتییان بەهۆی ئەوەی، کە هەست و سۆزە خراپەکان دەورووژێنێت بەمەش تاکێکی ناعەقڵانی پەروەردە دەبێت، بەڵام بە لای ئەرستۆ ئەدەب کاریگەری باش بەسەر خوێنەر جێدەهێڵێت و هەست و سۆزەکان بەشێوەیەکی ئیجابی پەروەردە دەکات و خەڵک لە هەستی خراپ پاک دەکاتەوە، ئەرستۆ پاکبوونەوە دەکاتە لایەنێکی ئەرێنی کە بەهۆی ئەدەب و دەقی شیعرییەوە ڕوودەدات، کە بەهۆیەوە دەروونی مرۆڤەکان پاک دەبێتەوە، هەر یەکە لە ئەفلاتوون و ئەرستۆ جەخت لە چەمکی پاکبوونەوە دەکەنەوە بە دوو ئاراستەی جیاواز و بۆچوونی فەلسەفی جیاواز لە یەکتر(گەردی، ٢٠١٧، ل٤٩ـ٥٨). ئەفلاتوون لەسەر ئەو بنەما پەروەردەییەیە، کە شیعر و شاعیران ڕەت دەکاتەوە و ئەرستۆش لەسەر ئەو بنەما بەها بۆ شیعر دادەنێت.

بەشێوەیەکی گشتی رەخنەگران و لێکۆڵەرانی بواری ئەدەب، بە تایبەتی لە تیۆری ڕەنگدانەوە و تیۆری گوزارشتکردن و ڕەخنەی ڕەوشتی و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و رەخنەی دەروونی جەخت لە ئەرکی ئەدەب دەکەنەوە و پێیان وایە ئەدەب بە هەموو ژانرەکانییەوە دەبێت لە پێناو بەهای ڕەوشتی و پەروەردەی تاک و کۆمەڵ دابێت، ئەدەب دەبێت بەهای ڕەوشتی و گوزارشتی دەروونی و ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگا و بابەتی عەقڵانی و زانستی بکات بە ناوەرۆک و پەیامی خۆی و تاوەکو بتوانێت جارێکی تر لەم ڕێگەیەوە بە ئەرکی سوودبەخشانەی خۆی هەستێت، لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونانەوە (ئەرکە هەمیشەییەکەی ئەدەبی پێگەیشتوو ئەوەیە، کە ئینسان بە هزر و سۆز و مێشك و هەستەوە هانبدات بتوانێت بەشداری لەگۆڕینی واقیعە کۆمەڵایەتییەکەیدا بکات)(قەرەنی، ل77). بەم جۆرە ئەم ڕەوتەی لەناو ئەدەبیاتناسیدا، کە کار لە ناوەرۆک و پەیامی دەق دەکەن، بەلایانەوە ئەرکی ئەدەب ئەوەیە، کە دەبێت هۆشیاری ڕەوشتی و ئاینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونی لەم ڕێگەیەشەوە بە ئەرکی جۆرەکانی پەروەردەکردن هەڵدەستێت، لە ڕوانگەی ئەم تیۆرانەی جەخت لە سوود و ئەرکی ڕەوشتی ئەدەب دەکەنەوە، بەلایانەوە (ئەدەب بەهەموو جۆرەکانییەوە دەبێت ببێت بە ئامرازێک بۆ بەرزکردنەوەی پەروەردەی تاک و بەها ڕەوشتییەکان، لەسەر ئەم بنەمایە ئاماژە بە کاریگەری چاک و خراپی ئەدەب دەکات، ئەدەب دەبێت بەشێک لەم ئەرکانە راپەڕێنێت، وەک بەخشینی زانیاری، پاکردنەوەی دەروون و ڕەوشت، ئەرکی کۆمەڵایەتی و شارستانییەتی)(الرحمانی، ٢٠٢١، ل٥١ـ٥٥)، بەم جۆرە ئەدەب بە راپەڕاندنی ئەم ئەرکانە، دەبێتە پەروەردەکارێکی کاریگەر لە ڕووی پەروەردەی عەقڵی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە، ئەدەب بەشیویەکی ڕاستەخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ دەتوانێت جارێکی تر کار لە پەروەردەکردن و بنیاتنانەوەی کەسایەتی تاک بکات و بە ئەرکی ڕاستکردنەوەی دزێوی و کارە نالەبارەکانی کۆمەڵگا هەستێت، بۆیە ئەدەب بە هەر جۆرێک و لە ناو هەر ژانرێک و لە هەر سەردەمێک دەرکەوێت بە جۆرێک لە جۆرەکان هەر بە ئەرکێک لە ئەرکەکانی پەروەردەکردنی تاک و کۆمەڵگا هەڵدەستێت، تەنانەت ئەگەر لە ڕوانگەی ئەم تیۆر و میتۆدانەش لە ئەدەب بڕوانین، کە جەخت لە زمان و لایەنی هونەری دەق دەکەن ئەوا دیسان ئەدەب لە سوود و ئەرک و پەروەردەکردنی خوێنەر دانابڕێت، بەوەی لەم ڕێگەیەوە دەبێتە هۆی پەروەردەکردن و گەشەپێدانی توانای هونەری و زمانەوانی خوێنەر.

**ڕۆمانی پەروەردەیی**

**١.٣. چەمك و پێناسەی ڕۆمانی پەروەردەیی**

ڕۆمان یەکێکە لەو هونەرە بەرزەکان، کە لە فۆڕمی پەخشاندا خۆی بەرجەستە دەکات، لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە تاوەکو ئەمڕ قۆناغە ئەدەبییەی ئێستاش وەک ژانرێکی بەرزی ئەدەبی مانەوەی خۆی پاراستووە، ڕۆمان ژانرێکی گونجاوە بۆ گوزارشتکردن و وێناکردنی ئەو جیهانە نموونەییی، کە نووسەر دەیەوێت، بۆیە دەبێتە کێڵگەیەکی بە پیت بۆ گوزارشتکردن لە دنیای خەیاڵی و ژیانی واقیعی مرۆڤەوە، هەروەکو "ئیسکوت جیمس" لەبارەی ڕۆمانەوە دەڵێت: (ڕێگەیەکە بۆ دەربڕینی مەبەستی هەرکەسێك کە هەر شتێکی بوێت دەتوانێت لە ڕۆماندا دەری ببڕێت)(جیمس، ١٩٨٦، ل٣٩). بۆیە ڕۆمان خۆی لە خۆیدا دەشێت ببێتە ڕەنگدانەوەی ژیانێکی نموونەیی و خەیاڵی و هەروەها دەبێتە کۆگایەک، کە ژیانی ڕاستەقینەی کۆمەڵگا و ژیانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاکاری تاکی لە خۆگرتووە، هەروەکو "میلان کۆندرا" وا دەبینێت، کە ڕۆمان (بەهەشتی خەیاڵی تاکە, ڕۆمان قەڵەمڕ ڕۆی دنیایەکە، کە کەس تیایدا خاوەنی حەقیقەت نییە)(عارف، ٢٠٢١، ل١٤٣)، لە هەمانکاتیشدا لەلایەکی ترەوە بە ژیانی واقیعییەوە گرێدراوە، وەکو "یوسن" دەڵێت: (مانای وێنەگرتن جیهانێکی واقیعی و زەمینی و بەرجەستەیە)(صبحی، ٢٠٠٢، ل١٢٩). بەم شێویە ڕۆمان گرنگی و بەهای ئەدەبی و مەعریفی خۆی دەسەلمێنێت، (ڕۆمان وەکو باڵاترین ئامرازی گوزارشت و دەربرین لەنیوەی سەدەی بیستەمەوە برەوی تەواوەتی سەند. ئەرکی ڕۆمان بوو بە شۆڕبوونەوە بۆ قوڵاییە هەرە قوڵەکانی ناخ و دەروون، هەروەها هەمان لەزەتی منداڵان، کە چیرۆکی کاریگەری ڕۆحی و حیکایەتیان پیشکەش دەکات، ڕۆمان ئەمڕۆ ڕۆڵی غەیبزانی دانا، سەرپەرشتیاری سیاسی، کارەکەر و پەرستاری منداڵان، ڕۆژنامەنوسی ڕووداوە ڕۆژانەکان، پێشڕەو و مامۆستای فەلسەفەی نهێنی دەبینێ، ڕۆمان ئەمڕ هەموو دەور و ڕۆڵانە لەمیانەی هونەریکی جیهانییەوە بە جۆری دەبینێ وەک ئەوەی بیەوێ جێی هەموو هونەرەکانی دی بگرێتەوە)(عارف، ل١٥٢). ڕۆمان لە ڕێگەی وێناکردنی کاراکتەرە جیاجیا و خستنەڕووی ڕووداوی جۆراوجۆرەوە، هەروەکو "جۆن وێلز" ڕۆمانی بە تورەکە نابردووە و دەڵێت: (ڕۆمان تورەکەیەکە و دەتوانی هەموو ئەو شتانەی تێ بئاخنێ کەلات پەسەندە)(جویس کار،٢٠٠٠، ل٢٠).

لێرەوە ئەرکی پەروەردەیی ڕۆمان دەست پێدەکات و لە ڕێگەی ئەم ناوەرۆکە فرە پەیام و جیهانە فراوانەی، کە ڕۆمان خاوندارییەتی دەکات و وەکو کۆگایەکی پڕ لە فکر و باری دەروونی و ئەزموونە جیاجیاکان دەردەکەوێت، ڕۆماننووس لە ڕێگەی خەیاڵەوە دەتوانێت لە پێناو چاکردن و پەروەردەکردنی واقیعدا کاراکتەرێکی نموویی لە پەروەردە و لیهاتوویی لە ڕۆمانەکەدا بخولقێنێت و چەندین ڕووداوی پەروەردەیی و ئەزموونی و فێرکاری لە ڕۆماندا بەرجەستە بکات، بەمە ڕۆمان دەبێتە دەقێکی ئەدەبی ڕۆڵی قوتابخانە دەبینێت بۆ خوێنەر لە پەروەردە و فێرکردن و ئەزموون پێ بەخشیندا. بەمە خوێنەر دەتوانێت لە کاراکتەر و ڕووداوی سیاسی و پەروەردەی سیاسی و لە کاراکتەر و ڕووداوی ئایینی پەروەردەیی ئایینی و لە کاراکتەر و ڕووداوی کۆمەڵایەتی پەروەردەیی کۆمەڵایەتی و لە کاراکتەر و ڕووداوی زانستی پەروەردەی زانستی وەربگرێت، ئیتر بەهۆی گشتی بوونی ڕۆمانەوە فێری ژیانی ئەزموونداری دەبین، هەروەکو ئۆڕهان پاموک دەڵێت: (لە ڕێی بە هەند وەرگرتنی ڕۆمانەوە، فێری بەهەند وەرگرتنی ژیان دەبین، ڕۆمانەکان فێرمان دەکەن ژیان بەهەند وەربگرین و پێشانمان دەدەن هەموو شتێک لەدەستی خۆماندایە و بڕیارەکانی خۆمان ڕەنگی ژیانمان دادەڕێژن)(ئۆڕهان پاموک، ٢٠١٦، ل٧٣). ڕۆمان لە ڕێگەی وێنە کردنی ڕووداو و کاراکتەری ئەرێنی و نەرێنی و شیکردنەوەی ئەزموون و بارودۆخە دەروونییەکانیان دەبێتە ئینسکلۆپیدیاییەک بۆ پەروەردە کردن و شارەزابوونی تاک لە ژیان و ڕەهەندەکانی، ژانری ڕۆمان هەر لەو کاتەی وەک ژانریکی سەربەخۆ و بڵاو سەرهەڵداوە بەشێوەیەکی ڕێژەیی بەو ئەرکە مەعریفی و پەروەردەییەی خۆی هەڵساوە، چونکە دوای ڕێبازی کلاسیزم، پێش سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ژانری ڕۆمان کە بۆ قۆناغی ڕۆمانسیزم دەگەڕیتەوە، ژینگەیەکی فکری و مەعریفی هاتە پێشەوە، کە گرنگیدان بە خودییەتی تاک جەختی لەسەر کرایەوە و پەروەردەیی دەروونی و عەقڵی و کۆمەڵایەتی تاک بووە جێگەی بایەخ پێدانی شاعیر و نووسەر و ڕەخنەگرانەوە، ئەم گرنگیدانە بە پەروەردە و ژیانی تاک هەر لە بزوتنەوەی ڕۆشنگەرییەوە دەرکەوت، کە زەمینەی بۆ ڕێبازی ڕۆمانسیزم خۆش کرد، (دەرکەوتنی بزوتنەوەی ڕۆشنگەری لە سەدەی هەژدەمدا، کە وەك ڕێگا خۆشکەرێك بوو بۆ ڕێبازی ڕۆمانسیزم کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی بواری فکری و ڕۆشنبیری هەبوو لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا دژی ڕژێمی دەرەبەگایەتی توانی ڕۆڵێکی کارا بگێڕێت. لایەنگیرانی ئەم بزوتنەوەیە لە ڕێگەی جیاوازەوە دەیانویست بۆچوونەکانی خۆیان بڵاوبکەنەوە و هەوڵیان دەدا، کە هەموو لقەکانی زانست و فەلسەفە لە خزمەتی مرۆڤایەتی بەکاربهێنن)(اسماعیل، ٢٠٢٠، ل١٩١). بزوتنەوەی ڕۆشنگەری و لایەنگرانی ڕۆشنگەرەکان دەیانوت مرۆڤ لە خۆڕسکەوە دەروونی باش و چاکە، لەسەر ئەم بنەمایە چەندین زانا و شاعیر و نووسەر

هاتنە پێشەوە، کە جەختیان لە پەروەردەی سروشتی و خۆڕسکی مرۆڤ دەکردەوە، بۆ نموونە (ڕۆسۆ j.j.Rousseau ١٧١٢-١٧٧٨) زۆر بە توندی دژی سروشتی میتافیزیکی عەقڵ وەستا، ڕۆسۆ فەلسەفەی (هەست و ئیمان)ی دەربڕی، کە زۆر بە گەرمی بەرگری لە مافی کەسایەتی مرۆڤ و پەروەردەی سروشتی تاک دەکرد دژ بە چەوساندنەی چینایەتی و نایەکسانی کۆمەڵایەتی.(حوسێن، ٢٠٠٧، ل٦٥_٦٧). بەم شێوەیە فکری گرنگیدانی پەروەردەی خود و پەروەردەی سروشتی تاک ناوەڕۆکی دەقی ئەدەبی قۆناغەکەی گرتەوە، سەرهەڵدانی ڕۆمانیش لەم قۆناغەدا هەر لەسەر بنەمای ئەم بیرکردنەوە و ناوەڕۆکە بوو، هەروەک دەبینین، کە لەم قۆناغەدا، (سامویل ریچاردسن) لە ساڵی (١٧٤٠)دا دوو بەرگی لە ڕۆمانی (باميلا) نوسی، کە بریتییە لە کۆمەڵێ نامەی خێزانی لە کچێکی گەنجی جوانەوە بۆ باوک و دایکی، کە یەکەمجارە بڵاودەبێتەوە بۆئەوەی بنەماکانی ڕەوشتبەرزی و دین لە ناخی گەنجەکان بە هەردوو ڕەگەزەوە بچەسپێنێ. دواتر لە ساڵی (١٧٤١)دا دوو بەرگی دی بۆ زیادکرد بە ناونیشانی (باميلا لە جوانترین حاڵدا)، کە تیایدا باسی ڕەوشتبەرزی و پەروەردە و حیکمەتی ئەو لە دوای شوکردنی دەکات. هەروەها (دانیال دیڤۆ) نزیکەی(٢٥٠) بەرهەمی هەمە چەشنەی نوسیوە، لە هەموو بوارەکانی شیعر و پەخشان و ڕۆمان و دەریاوانی و یاسا و مێژوو و بابەتەکانی دی، دیارترین ڕۆمانی ژیانی (ڕۆبنسۆ کرۆزۆ Robinson crusoe)یە، کە لەساڵی (١٧١٩)دا نوسیویەتی.

ڕۆمانەکانی بە شێوازێکی ساکار نوسراون زمانەکەشی سادەیە، بەتایبەتی لە وەسفکردندا، سەرجەم ڕۆمانەکانی یاداشتی پاڵەوانەکانە، بۆیە چیرۆک و ڕۆمانەکانی لە منداڵییەوە دەست پێدەکات، پاشان پەروەردەی ژیانی کەسەکان دەکات، لە ڕۆمانی (ڕۆبنسۆ کرۆزۆ)، کە دیارترین ڕۆمانی ئەو نوسەرەیە، نووسەر لە ڕێگەی وێنەکێشانی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی پاڵەوانەکە شێوازی پەروەردەکردنی خودیمان بۆ دەخاتەڕوو.(حوسێن، ل ٧٢_٧٤). هەروەها (فیکتۆر هۆگۆ) لە ڕێگەی ڕۆمانەکانییەوە ژیانی منداڵان و شێوازی ژیان و چەوسانەوەیان دەخاتەڕوو لەگەڵ کۆمەڵێک ڕەهەندی پەروەردەیی بابەتی کاریگەر لەسەر پەروەردە کردن.

دوا بەدوای ئەمە لە ڕێبازی ڕیالیزمدا، ژانری ڕۆمان زیاتر برەوی سەند و لەسەر بنەماکانی ئەم ڕێبازە گرنگیدان بە بابەتی پەروەردەیی و گەشەی دەروونی و مەعریفی و پەروەردەی واقیعی لە ناوەڕۆکی ڕۆماندا قوڵتر بوویەوە، بەمەش بەپێی پەیام و ناوەڕۆک و ورووژاندنی ئەم بابەتەی، کە ڕۆمانەکان هەیانبوو جۆرەکانی ڕۆمان هاتنە پێشەوە، کە خۆی لە کۆمەڵێک جۆری جیاواز دەبینییەوە وەکو ڕۆمانی (کۆمەڵایەتی، دەروونی، پەروەردەیی، پۆلیسی، ئەزموونی، مێژوویی، سیاسی، خەیاڵی، زانستی، نەتەوەیی، ناوچەیی، ....تاد)، بێگومان ئەمانە بەپێی زۆری ڕێژەی ڕووداوەکان لەسەر بابەتێکی دیاری کراو ناونراون، یاخود جۆرێک لەم جۆرانە بووە بە ڕووداوی سەرەکی ڕۆمانەکە، ئەگەر نا هەر ڕۆمانێک ئەم جۆر و بابەتانەی لەخۆ گرتووە بەتایبەتی بابەتی دەروونی و کۆمەلایەتی و پەروەردەیی، کە هیچ ڕۆمانێک ناتوانێت بچێتە دەرەوەی ئەمانەوە، چونکە ئەمانە گرێدراوی کاراکتەر و ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانن، بۆیە هەر ڕۆمانێک لە هەر جۆرێک لەم جۆرانە بێت بەشێویەکی گشتی و لە بازنەی گشییەکەدا دەلالەتی پەروەردەیی هەیە، بۆ نموونە ڕۆمانی کۆمەڵایەتی خۆی لە خۆیدا وێنە کردنی پەروەردەی کۆمەڵایەتییە، ڕۆمانی مێژوویی پەروەردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی و چەندین جۆری تری پەروەردە و هۆشیاری لەخۆگرتووە، هەروەکو لۆکاش دەڵێت: (ئەوەی لە ڕۆمانی مێژووییدا گرینگە، دووبارە گێڕانەوەی ڕووداوە مێژووییەکان نییە، بەڵکو هوشیارکردنەوەی گونجاوی ئەو خەڵکەیە، کە ئەو ڕووداوانە دەهێننە بەرچاوی خۆیان، گرینگ ئەوەیە ئێمە سەر لە نوێ لەگەڵ ئەو مۆتیڤ و پاڵنەرە کۆمەڵایەتی و مرۆڤانەدا بژین، کە وایان کرد مرۆڤەکانی ئەوسا وا بیر بکەنەوە و هەست بکەن و ڕەفتار بکەن، کە لە واقیعە مێژووییەکەدا کردیان و ئەزموونێکی تازەیان لەبارەوە دروست بکەین(یاقووب، ٢٠٢١، ل١٨٠). بۆیە ڕۆمان بەو ناوەڕۆک و جۆرەی، کە لەسەری پۆلین کراوە، ئەوا بێگومان هەرجۆرێک بێت دەبێتە هەڵگری ڕەهەندی پەروەردەیی، چونکە ڕووداوەکان ئەزموون بەخشن و هەر پاڵەوان و کاراکتەرێک پەروەردە و ڕەوشت و لێهاتووییەکی تایبەت و دیاری کراوی هەیە لە ڕۆمانەکەدا، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا بەشێویەک لە شێوەکان گوزارشتە لە پەروەردە و فێرکردن، ئەمە کاریگەریی پەروەردەیی هەیە لەم ڕووەوە.

**٣_٢ـ بابەت و جۆری ڕۆمانی پەروەردەیی**

ڕۆمانی پەروەردەیی وەک جۆر و چەمکێکی سەربەخۆ، لەسەر بنەمای ئەو پێناسە دیاریکراوەی، کە بۆ ئەم جۆرە کراوە لە بازنەی تایبەتیدا، خاسییەت و جیاکاری و دەرکەوتەی تایبەت بەخۆی هەیە لە ڕووی هونەری و مێژووییەوە، سەدەی هەژدە، سەدەی پەیدابوون و گەشەکردنی ڕۆمانی پەروەردەییە، ئەم جۆرە ڕۆمانە دەبێتە ڕەنگدەرەوەی تێڕوانین و کێشەکانی چینی ناوەند، ئامانج لە نوسینی ئەم ڕۆمانە بایەخدان بووە بە لایەنی پەروەردەیی، بۆ پیشاندانی سروشتی تاک، چونکە لایەنی پەروەردەیی یەکێک بووە لەو بابەتانەی جێی بایەخی چینی ناوەند بووە لە سەدەی هەژدەدا، ئەوەی ئەو ڕۆمانە جودا دەکاتەوە ئەوەیە ململانێی کارەکتەری سەرەکییە لەگەڵ کۆمەڵ، هێدی هێدی بەها و ئاکار و ڕەفتارەکانی ناو کۆمەڵ وەردەگرێت، هەروەک چۆن لایەنی

دەروونی و هەستی کاراکتەر بە وردی پیشان دەدرێت، چونکە پەیوەندییان بە گەشە و گەورەبوونی مرۆڤەوە هەیە)(مەنتک، ٢٠٢١، ل٧٣٣).

ڕۆمانی پەروەردەیی بە تەنگ پێگەیاندن و پەرەپێدانی کەسایەتی تاکەوە، هەوڵ بۆ ئەوە دەدات پەروەردەیەک وێنە بکات، کە کاریگەری ئەرینی لە سەر تاک و کۆمەڵگا دروست بکات، (ڕۆمانی پەروەردەیی ئەو ڕۆمانەیە، کە گەشەکردن و شێوە وەرگرتنی کەسایەتیەک لە منداڵییەوە یا هەندێ جار لەو ساتەوە کە لەدایک دەبێت تا ئەو کاتەی، کە پێدەنێتە ئاستی پێگەیشتن و گەورەبوون و تێدەکۆشێت، کە لە چۆنییەتی ئەو جیهانە تێبگات و بۆ دۆزینەوەی واتا و ئەزموونەکان لەم جیهانەدا هەنگاو بنێت و فەلسەفەیەک بۆ ژیانی خۆی پەیدا بکات و هونەری باشی ژیان فێرببێت، هەندێ جاریش تا مردن باس دەکات، "گۆتێ" یەکەم ڕۆمانی پەروەردەیی نوسی، ڕۆمانەکانی "ئاواتە گەورەکان" و "دێڤید کۆپەر فیلد"ی، کە لەمانەدا سەرگوزشتەی تاک لە منداڵییەوە تا پێگەیشتن ڕوون دەکرێتەوە، "چارڵزدیکنز" و ڕۆمانی "فێربوونی سۆز" و "فلوبیر"و ڕۆمانی "منداڵانی توندوتیژی" نوسینی، "دوریس لیسینگ"، کە لەم دواییەدا بڵاوبویەوە، ڕۆمانی پەروەردەیین.( نورتروپ فرای، ٢٠٠٨، ل٣٠). ڕۆمانی پەروەردەیی زاراوەی (bildungs) بۆ بەکار دەبرێت، کە زاراوەیەکی ئەڵمانییە و بە واتای ڕۆمانی گەشە و شێوە وەرگرتن، واتە (formation) یاخود بە واتایی (پەروەردەیی) دێت، ناوەرۆک و بابەتی ئەم جۆرە ڕۆمانانە دەگەڕێنەوە بۆ گەشەسەندن و شێوە وەرگرتنی هزر و کەسایەتی پاڵەوانی چیرۆکەکە، کەسایەتی سەرەکی ئەم جۆرە ڕۆمانانە، سەردەمی منداڵی لەگەڵ ئەزموونە جۆراوجۆرەکان تێدەپەڕێنێ و زۆرجار توشی قەیرانێکی ڕۆحی دەبێتەوە، پاشان دەگاتە قۆناغی پێگەیشتن و گەشەسەندنی زەینی و ئینجا تێدەگات لە ناسنامە و رەسەنی کەسایەتییەکەی، ڕۆڵی خۆی لە جیهاندا، بۆ نموونە ڕۆمانی "ساڵەکانی ویلهلم مایستر"ی "گۆتێ" و "کێوی سیحراوی"ی "تۆماس مان" و "پابەندییە مرۆییەکان"ی "موام"یش لە ڕیزی ئەو ڕۆمانانەن کە بەم شێوەیە نوسراون.(ئیبزتمر، ٢٠٠٨، ل٧). ڕەخنەگر و زمانناسی ئەڵمانی "جۆهان کارل سایمۆن مۆرگێنستێرن"، بۆ یەکەم جار لە ساڵی (١٨١٩) زاراوەی ڕۆمانی پەروەردەیی لە وانەکانیدا بەکاردەهێنێت، بەڵام زاراوەکەی ئەم ڕەخنەگرە زۆر جێی بایەخ نەبوو، تاکو ڕەخنەگر "فیلهلم دێلثی" پەرەی پێدا و زاراوەکەی نوێ کردەوە و لەساڵی (١٨٧٠)دا زاراوەی ڕۆمانی پەروەردەیی چەسپاند، لە نوسینێکدا بەناوی (هۆڵدەرین) لە کتێبی (ئەزموون و شعر)دا، کە دەڵێت: ڕۆمانی پەروەردەیی باسی کەسێک لە منداڵییەوە دەکات، فێری ڕاستگۆیی و خۆشەویستی دەکرێت، پاشان دەکەوێتە ناو ژیانی خۆی و ئەزموونی ژیان دەکات، واتە ڕۆمانێکە لەبارەی کەسێکی دیاریکراوەوە، وێناکردنی ژیانی کارەکتەرێکە، کە چۆن ڕووبەڕووی ڕووداوەکانی ناو ژیان دەبێتەوە و بەسەر کۆسپەکانی ژیاندا زاڵ دەبیت(مەنتک، ل٧٣٤).

ئەم جۆرە ڕۆمانەش زۆر فراوانە و هەموو جۆرە گەشەکردنێکی پەروەردەیی و هزری دەگرێتەوە، بۆیە لقێک لە ڕۆمانی پەروەردەیی ڕۆمانیکە، کە بە ئەڵمانی پێی دەگوترێ (kunstler-roman)، واتە "ڕۆمانی هونەرمەند"، ئەم جۆرە ڕۆمانە پەروەردە و پەرەسەندن و گۆڕانکاریی کەسایەتی ڕۆماننوس یا هونەرمەندێک لە سەرەتاوە تا ئەوکاتەی پێدەنێتە قۆناغی پێگەیشتن و کەماڵەوە دەگرێتەوە و پەی بە چارەنوسی هونەری خۆی دەبات و دەگاتە لوتکەی لێهاتوویی هونەری، هەندێک لە ڕۆمانە گرینگەکانی سەدەی بیستەم بەشێکن لەو جۆرە ڕۆمانانە، بۆ نموونە ڕۆمانەکانی "وەبیر هێنانەوەی یادەوەرییەکانی ڕابردوو"ی "مارسل پرۆست" و "روخساری هونەرمەند وەک پیاوێکی گەنج"ی "جیمس جویس" یا "تونیو کروگر" و "دکتۆر فاستوس"ی "تۆماس مان"و "سکەلێدەران"ی "ئاندرێ ژیر".(ئیبزتمر، ل٧).

ڕۆمانی پەروەردەیی هەروەکو لە ناوەکەیەوە دیارە، ئەو ڕۆمانەیە، کە پەیام و ناوەرۆکیکی پەروەردەیی هەڵگرتووە، ڕۆماننووس زیاتر بۆ ئەو ئامانجە پەروەردەییەی، کەخۆی مەبەستی بووە نووسیوویەتی، هەر بۆ ئەم مەبەستەش چوارچێوە و نەخشەی ڕۆمانەکە لە ڕووی ڕووداو کاراکتەرەوە دادەڕێژێت، دەیەوێت لە رێگەی ڕووداو و کاراکتەرەکانەوە جەخت لە پرۆسەی پەروەردە و پەروەردەیەکی دیارکراو بکات و تیشک دەخاتە سەر بەها پەروەردەییەکان و لەنگی و ناڕێکییەکانی پەروەردە، لە ریگەی ئاکار و خوڕەوشتی کاراکتەرەکانەوە وێنەی پەروەردەی تەندروست و پەروەردەی ناتەندروستمان بۆ دەکێشێت، ئەم ڕۆمانە گرنگی بە هەموو جۆرە پەروەردەیەک دەدات ئینجا جەستەیی بێت یان هزری یاخود دەروونی، پەروەردەی هەموو قۆناغێکی تەمەنی تاکی بەلاوە گرنگە، زۆرێک لە ڕۆمانە پەروەردەییەکان پەیامی پەروەردەییەکەی ئاراستەی تاکێکی بە تەمەن و ئاست بەرز دەکات و دەیەوێت تاک لە ڕووی فکری و فەلسەفی و ئایدۆلۆژیی و گەشەپێدانی مرۆییەوە پەروەردە بکات، مەعریفەیەکی ئاست بەرزی پێ ببەخشێت، بۆیە ڕۆمانی پەروەردەیی لەم ئامانجەدا بە تەنگ دروستکردنی پەروەردەییەکی نوێیە لە رێگەی گۆڕینی پەروەردە و جیهانبینیی تاکێکی پێگەیشتووە، لێرەدا شتێک دەبێتە ناوەرۆکی و پەیامی پەروەردەیی ڕۆمانەکە، کە بۆ قۆناغی منداڵی گونجاو نییە و لە ئاستی پەروەردەکردن و تێگەیشتی ئەم قۆناغەدا نییە.

لە هەمان کاتدا ڕۆمانی پەروەردەیی ڕۆڵی پەروەردەکردن و گەشە کردنیش دەبینێت بۆ قۆناغی منداڵان، کە لەمەدا زیاتر جەخت لە پەروەردەی جەستەیی و دەروونی و ئاکاری و کۆمەڵایەتی دەکریتەوە بە مەبەستی گەشەی منداڵان و بەرەو پێشووچوونیان لەم بوارانەدا، هەر بۆیە ڕۆمانی پەروەردەیی لەم جۆرەدا بە ڕۆمانی گەشەی منداڵان لە قەڵەم دەدریت، (ڕۆمانی پەروەردەیی بە ڕۆمانی گەشەکردن (نمو) و ڕۆمانی فێرکردنیش ناودەبرێت، چونکە سەربردەی ژیانی منداڵ و گەنجیی کارەکتەرێک دەگێڕێتەوە، باسی قۆناغەکانی پەروەردەی دەروونی، کۆمەڵایەتی و ئاکاری ئەو کەسە دەکات، لە زۆر سەرچاوەدا ئەم جۆرە ڕۆمانە کراوە بە دوو جۆر، بە ناوەکانی ڕۆمانی گەشەکردن و ڕۆمانی پەروەردەیی. لە یەکەمیان مەبەست لەوە گەشەی ژیانی واقعی و دەروونی کارەکتەر لە مندالییەوە تا هەرزەکاری، یان گەورە بوون نیشان بدرێت، لەهی دووەمدا وایان داناوە کارەکتەر لە منداڵییەوە چۆن پەروەردە دەکرێت)(مەنتک، ل٧٣٣). مەبەست لە ڕۆمانی پەروەردەیش هەر بە تەنها ئەوە نییە، کە بابەتێکی پەیوەست بە پەروەردە لە خۆ بگرێت و بەڵکو فێرکردنیش دەگرێتەوە، واتە ڕۆمانی پەروەردەیی هەروەکو بەها کۆمەلایەتی و ئایینی و ڕەوشتییەکان و ئەزموون و بیری مرۆڤ دۆستی و کاری جوان و چاکەخوازی دەگرێتەوە، بەهەمان شێوە پرۆسەی فێرکردن و بوارەکانی فێرکردنی بابەتیکی زانستی و پسپۆڕییەکانیش دەگرێتەوە، هەروەکو شیعری فێرکردن بواری فێرکردن و پەروەردەی دەگرتەوە، بەهەمان شێوە ڕۆمانی پەروەردەیش بواری پەروەردە و فێرکردن دەگرێتەوە.

لە رۆمانی پەروەردەییدا بوارە پەروەردەیی و فێرکارییەکان لە ڕێگەی کاراکتەرەکانەوە وێنا دەکرێن و کاراکتەر دەبێتە ئەو ئاوێنەیەی، کە پەروەردەی تەندروست و ناتەندروست زانایی و نەزانی نیشان دەدات، تەمسیلی کۆمەڵ و بەها ڕەوشتی و بیری چاکە و خراپە دەکات، بۆیە کارکتەر وەکو بنەما و مەرج بۆ ڕۆمانی پەروەردەیی دێتە پیشەوە، (دوو مەرج بۆ ڕۆمانی پەروەردەیی دانراوە، یەکەمیان ڕێزگرتنە لە ناسنامەی کارەکتەر، واتە دەبێت ناسنامە و پێگەی کارەکتەر ڕێزی لێ بگیرێت و بپارێزرێت، دووەمیان پێویستە تاک "کارەکتەر" تێکەڵی کۆمەڵ بکرێت، بتوانێت بەشداری لە ژیانی سیاسیدا بکات، ئەم جۆرەی ڕۆمان نابێت ناکۆکی و دژایەتی لەگەڵ کۆمەڵدا هەبێت، هێندە هەیە پەیوەندی نێوان تاک و کۆمەڵ کەلێن و درزی تێکەوتووە، کاراکتەر هەوڵدەدات کاریگەرییەکی سودبەخشانەی بۆ کۆمەڵ و وڵات هەبێت، بێگومان بە ئامانجی پاراستنی ناسنامەی کەسایەتی خۆی، هەرچەندە کاراکتەری ڕۆمانی پەروەردەیی بەردەوام دەگۆڕێن، چونکە گەشە دەکەن، بەڵام زۆربەی جاران ئامانجەکانیان ئاشکرا ناکەن، ئەمەش بۆ چەسپاندنی خودی خۆیان و تێکەڵ بوونیان بە کۆمەڵ)(مەنتک، ل٧٣٦).

سەبارەت بە جۆرەکانی ڕۆمانی پەروەردەیی ئەوا بە پێی بوار و جۆرەکانی پەروەردەیی بەها ڕەوشتییەکانی وەک "ڕاستگۆیی، دەستپاکی، گوێڕایەڵی، ڕێزگرتن، مامەڵەی جوان، خۆشەویستی، پاک و خاوێنی، هاوڕێیەتی، قوربانیدان و گیانی هاریکاری، بەخشندەیی، وەفاداری، لێبوردەیی،....تاد)، جۆرەکانی تری پەروەردە وەک: (پەروەردەی هزری، پەروەردەی دەروونی، پەروەردەی ئاینی، پەروەردەی کۆمەڵایەتی، پەروەردەی سیاسی و پەروەردەی فەلەسەفی،...تاد) ڕۆمانی پەروەردەییمان هەیە، دەشیت چەند جۆرێکی پەروەردەیی لەم جۆرانە لە ناوەرۆک و پەیامی ڕۆمانێکی پەروەردەییدا بوونیان هەبێت، جۆرێکیان لە ڕووی ڕێژەییەوە زیاتر جەختی لەسەر کرابێتەوە و کاراکتەر و ڕووداوەکان زیاتر لە خزمەتی جۆرێکی پەروەردەییدا بکەونە گەڕ بەمە ئەم ڕۆمانە پەروەردەییە بەلای ئەم جۆرە پەروەردەیەدا دەشکێتەوە، بۆ نموونە ئەو ڕۆمانەی کە زیاتر جەخت لە بەها ڕەوشتییەکان دەکات ئەوا ڕۆمانی پەروەردەیی ڕەوشتییە، هەروەها ئەو ڕۆمانە پەروەردەییەشی، کە گرنگی بە پەروەردەیی کۆمەڵایەتی دەدات ئەوا ڕۆمانی پەروەردەی کۆمەلایەتییە، ئەو ڕۆمانەشی، کە گرنگی بە پەروەردە و گەشەی هزری دەدات ئەوا خۆی لە ڕۆمانی پەروەردەیی هزریدا دەبینێتەوە، ئیتر بۆ جۆرەکانی تریش بەهەمان شێوەیە. بۆ بوارەکانی فێربوون و پسپۆڕییەتە جیاوازەکانیش بەهەمان شێوە بۆ نموونە ئەو ڕۆمانەی، زیاتر بۆ مەبەستی فێرکاری بابەتێکی زانستی نووسراوە و ئەزموون و بنەما و لایەنەکانی زانستێکی دیاریکراو دەخاتەڕوو ئەوا ڕۆمانە پەروەردەییەکە بەلای پەروەردەی ئەم زانستەدا دەشکێتەوە، بۆ نموونە ڕۆمان هەیە سەبارەت بە مێژووی ئاینەکان یان مێژووی فەلسەفە یاخود ژیاننامەی کەسایەتییەک یان شاعیرێک نووسراوە، یاخود ڕۆمان هەیە سەبارەت بە جوگرافیا و شوێنەوار و بوارێکی زانستی تر نووسراوە ئەوا ئەم ڕۆمانە دەبێتە ڕۆمانی پەروەردەیی زانستی لەم بوارەدا. ئیتر بەپێی جۆر و بوارەکانی پەروەردە و پسپۆڕییەتەکان ڕۆمانی پەروەردەیی بوونی خۆی دەسەلمێنێت.

**٣-٣. ڕۆمانی پەروەردەیی کوردی و بابەت و بنەماکانی**

سەبارەت بە بوونی ڕۆمانی پەروەردەیی بابەت و جۆرەکانی پەروەردە لە ڕۆمانی کوردیدا، بەشێوەیەکی گشتی ڕەهەندی پەروەردەیی و جۆرەکانی پەروەردە و بەها ڕوشتی و ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆمانە کوردییەکاندا بوونێکی فراوانی هەیە، کە ئەمەش بۆ ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئایینی و بارودۆخی سیاسی و داب و نەریتی نەتەوەیی دەگەڕێتەوە، هەموو ئەو ڕۆمانانەی، کە بۆ

نموونە لە ناو جۆرەکانی ڕۆمانی: (کۆمەڵایەتی، ئایینی، هونەری، فەلسەفی، سیاسی، ڕۆشنبیری، مێژوویی، دەروونی، ئایدۆلۆژی، ئەزموونی، فیمینیزمی، پۆلیسی،.... تاد)، پۆلین دەکرێت، لەم ڕوانگەی جۆر و بابەتی بوونی خۆیەوە بە ئەرکی پەروەردەیی هەڵدەستن، چونکە ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە، ئینجا ڕووداوی کەسی و دەروونی بن یان کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی بن، ئەوا بەجۆرێک لە جۆرەکان زانیاری و هۆشیاری و ئەزموون بەخشن و بە ئەرکی وشیار کردنەوە و پەروەردە کردنی خوێنەر هەڵدەستن، بەشێک لە ڕۆمانەکان ژیان و سەرگوزشتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و هزری تەمەنی کاراکتەرەکان لە خۆدەگرێت و گۆڕان و گەشە کردنەکان دەخاتەڕوو ئەمەش خۆی لە خۆیدا کرۆکی ڕۆمانی پەروەردەییە.

**١-٣-٣. بابەتەکانی ڕۆمانی پەروەردەیی کوردی**

پەروەردە لە ڕووی جۆرەوە زۆر فراوان و گشتگیرە، هەروەکو لە پێشتریشدا ئاماژەمان بۆ کرد، کە پەروەردە خۆی لە چەندین تەوەر و بابەتی جۆراوجۆر دەبینێتەوە، هەموو بوارەکان و پسپۆڕییەتێک دەگرێتەوە، کە بە شێوازی ژیان و ڕەهەندە مادی و مەعنەوەییەکانی کەسایەتی تاکەوە بەندە، بۆ نموونە ڕەهەندەکانی وەک: (کەسی و دەروونی، کۆمەڵایەتی، ئایینی، هونەری، ئەدەبی، فەلسەفی، سیاسی، ڕۆشنبیری، بەها مرۆییەکانی تر)، بەو مانایە هەر بوار و ڕەهەندێک لەمانە هەڵبژێرین ئەوا پەروەردە لەم ڕووەوە واتا بریتییە لە گەشەپێدانی هزری و بەخشینی زانیاری و هۆشیاری لەم بوارە دیاریکراوەدا، ئەم گەشەپێدان هزری و دەروونییە، کە بینایە لەسەر زانست و ئەزموون ئەوا خۆی لە خۆیدا بریتییە لە پەروەردەیەکی تەندروست. سەبارەت بە ڕەهەند و بابەتەکانی پەروەردە لە ڕۆمانی کوردیدا، ئەوا بەشێویەکی گشتی هەر ئەم ڕەهەند و بوارە کەسییانە بوون بە بنیاتی ناوەرۆک و ئاستی هزری دەقی ڕۆمانی کوردی، ژیانی پاڵەوان و جوڵەی کارەکتەرەکان خۆی لە خۆیدا گوزارشتە لە بوارێک لەم بوارانە، کە بەمەش دەبێتە هەڵگری ڕەهەندێک لە ڕەهەندەکانی پەروەردە، ئینجا لە ئاستی هزری دابێت یان لە ئاستی دەروونی یاخود لە ئاستی گەشەپێدانی چالاکی و توانا جەستەیی، لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونە لێرەدا ئاماژە بە بابەت و جۆرەکانی پەروەردە دەکەین لە ڕۆمانی کوردیدا، کە بەشێوەیەکی گشتی خۆی لەمانەدا دەبینێتەوە:.

**یەکەم: پەروەردەی دەروونی**

ڕەهەندی سایکۆلۆژی، پەروەردەی دەروونی بەشێکە لە ناوەرۆک و جیهانبینی ناو هەر ڕۆمانێک، ژانری ڕۆمان بە گرنگترین جۆری ئەدەبی دادەنرێت بۆ بەجەستە کردن و وێنەکردنی جیهانی دەروونی مرۆڤەکان، ئەمەش لە ڕێگەی ژیانی تایبەتی و مامەڵەی دەروونی جۆراوجۆری کاراکتەرەکانەوە ئەو ئامانجە پەروەردەییە دەروونییە لە ڕۆماندا دێتە جێبەجێ کردن. کاراکتەری ناو ڕۆمانی کوردی دەبێتە زەمینەیەکی لەبار بۆ گوزارشتکردن لە حاڵەت و دۆخی دەروونی جیاواز بەپێی ڕەگەز و تەمەنی کاراکتەرەکە بارودۆخە دەروونییەکان بەرجەستە دەکات، دەروونی تەندروست و نا تەندروست دەخاتەڕوو، لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەندێك لە دۆخ و حاڵەتی دەروونییەکان دەخاتەڕوو، بۆ نموونە (پاڵنەر، کەبت، نامۆیی، بێزاری، خەمۆکی، ڕەشبینی، ترس، هەڵچوونەکان،...تاد). ئەم گرێ و حاڵەتە دەروونییانە و زۆر حاڵەتی تریش لە ڕێگەی کۆمەڵێك کەسایەتی و ڕوداوەوە ڕووبەڕووی خوێنەر دەبنەوە لە ناو ڕۆماندا.

لە ڕێگەی شیکاری و سەرنجدان لە ژیانی دەروونی کاراکتەری ناو ڕۆمانەکان ئەوا خوێنەر ئەوەی بۆ دەردەکەویت، کەوا گرفت و کێشە دەروونییەکان و کەبت و وزەی کەبتکردن، چ کاریگەرییەکەی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر کەسایەتی تاک و شێوازی ژیان و مامەڵەی ڕۆژانەی دروست دەکات. ئیتر ئەمە خۆی لە خویدا بۆ خوێنەر دەبێتە وێنەیەک لە نیشاندانی پەروەردەی دەروونی و لێکەوتەکانی ئەم پەروەردەیە، ئەمەش لە کۆی ڕۆمانە کوردییەکاندا تێبینی دەکرێت، بۆ نموونە ڕۆمانەکانی "شێرزاد حەسەن"، لەم ڕووەوە نموونەیەکی دیارن، کە زۆرێک لەو کاراکتەرانەی نووسەر لە ڕۆمانەکاندا بەرجەستەی کردوون، بە جۆرێک لە جۆرەکان گوزارشت لەم گرێی و حاڵەت و دۆخە دەروونییانە دەکەن و ئەوەی خستووتەڕوو، کە کاراکتەرێک لە ڕووی دەروونییەوە بەشێوەیەکی ناتەندروست پەروەردە کرابێت ئەوا کۆی مامەڵە و جیهانبینی ئەم کاراکتەرە دوچاری گۆڕان و دۆخی نەخوازراو دەبێتەوە لە ژیاندا، نووسەر وێنەیەکی وای کێشاوە بەجۆرێک خوێنەر تێدەگات، کە پەروەردەی دەروونی چ جۆرە کەسایەتییەک و مامەڵەیەکی ژیان بەرهەم دەهێنێت.

**دووەم: پەروەردەی کۆمەڵایەتی**

ڕۆمان دیدێکی کۆمەڵناسییانەی هەیە و ڕەخنەیەکی کۆمەڵایەتی و هۆشیاری کۆمەڵایەتی و پەروەردەی کۆمەڵایەتی یەکێکە لەم بابەتانەی ناوەرۆکی دەقی ڕۆمانی پێکهێناوە. (جۆرێک لە ڕۆمانمان بەناوی ڕۆمانی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، کە پتر پێداگری لەسەر ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان دەکاتەوە، ڕۆمانی کۆمەڵایەتی ئامانجی گۆڕینی کۆمەڵە لە ڕێی شۆڕشی کۆمەڵایەتییەوە، بۆ باشترکردنی

بارودۆخی کۆمەڵایەتی خەڵک، هاوکات دەتوانین ناوی ڕۆمانی گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکانیشی لێ بنێین، دەقێکی گێڕانەوەییە تێیدا گرفتێکی کۆمەڵایەتی وەکو: سێکس، چینایەتی و بێکاری لەڕێی کارەکتەرەکانەوە دەخرێتە ڕوو)(مەنتک، ل٧٦٦)، لە ڕۆماندا کاراکتەر ئەندامێکی ناو کۆمەڵگایە و ڕووداوەکان بەرکەوتەی ئەم کاراکتەرن لەگەڵ کۆمەڵگادا، چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگا و مامەڵە و کێشە و بەربەرەکانی نێوانیان لەناو ڕۆماندا وێنە دەکرێن، خوێنەر جارێکی تر لە ناو ڕۆماندا بە کۆمەڵگا دەگاتەوە، کە لایەنی باش و خراپی ئەم کۆمەڵگایەی تێدا بەرجەستە کراوە، دەشێت لە ڕۆماندا بە هۆشیاری و پەروەردەی جوانی کۆمەلایەتی بگات و درک بە دواکەوتووی و کێشە کۆمەڵایەتییەکان بکات.

یەکێک لەو ئەرکانەی، کە ڕۆمانی کوردی پێی هەڵساوە بریتییە لە پەروەردەی کۆمەڵایەتی تاکی خوێنەر و هۆشیاری کۆمەڵایەتی و هۆکارەکانی دواکەوتووی کۆمەڵگا و وێنەکردنی کێشە و گرفت و بەربەستە کۆمەڵایەتییەکانی وەک نەخوێندەواری و کێشەی ئافرەتان و هەژاری و مافی چینەکانی کۆمەڵگا بە هەموو جۆرەکانەوە وەکو منداڵ و خوێندکار و کرێکار و بەساڵاچووان، هەروەها ڕۆمان چەندین حاڵەت و ڕەخنەی تری کۆمەڵایەتی لە خۆگرتووە، باس لە چەندین دیاردەی دزێوی کۆمەڵگا دەکات، وەك دیاردەی (درۆکردن، خۆهەڵکێشان و فیزلێدان، ناهۆشیاری، هەست نەکردن بە بەرپرسیاری، نەبوونی متمانە، تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵگا...تاد). هۆشیاری کۆمەڵایەتی و پەروەردەی کۆمەلایەتی وەک هۆکارێک بۆ چارەسەکردنی گرفتەکان وێنەکراوە، نەبوونی پەروەردەییەکی تەندروستی کۆمەلایەتی هۆکاری بەردەوامی دواکەوتووی کۆمەڵگەکانە، ئیتر ئەم بارودۆخە کۆمەڵایەتییانەی لە ڕۆمانی کوردیدا پانتاییەکی فراوانی هەیە، بە هۆی ئەو بارودۆخی ئایینی و کۆمەڵایەتی و و ڕووداوە کۆمەڵایەتییانەی، کە بەدرێژایی مێژوو کوردی تێدابووە.

لە ڕۆمانی کوردیدا ناوەرۆک و بابەت و پەروەردەی کۆمەلایەتی لە بابەتەکانی تر زیاتر دەرکەوتەی هەیە، تەنانەت ڕووداوە سیاسییەکانیش بە بارودۆخی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەستبوونە، ئیتر بەها کۆمەڵایەتییەکان و بۆنە و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو "کێشەی ئافرەت، مافی کرێکار ، دەربەگایەتی، نەخوێندەواری، هەژاریی، توندوتیژی دوژمنداری، هاوسەرگیری و پەروەردەی منداڵ، خۆشەویستی، کۆچ، زەوی زار،....تاد"، لە ڕۆمانی کوردیدا ڕەنگدانەوەی تەواوی هەبووە، ڕۆماننوس وێنەی کاراکتەرێکی کۆمەڵایەتی کێشاوە، کە ڕووداوە کۆمەلایەتییەکانی پێوە بەندکردووە، بەمەش گوزارشتی لە لایەنی ئەرێنی و نەرێنی پەروەردەی کۆمەڵایەتی کردووتەوە. بۆ نموونە: ڕۆمانی "ژانی گەل"ی "ئیبراهیم ئەحمەد". ڕۆمانی "کوێخا سێوی"ی "عەزیزی مەلای ڕەش". ڕۆمانی "هەرەس"ی "موکری". ڕۆمانی "شار و هەڵکشان بەرەو لوتکە"ی "حوسێن عارف". ڕۆمانی "سەگوەڕ و تۆڵە"ی "محمد موکری"، ڕۆمانی "کانگەی بەڵا"ی "حیسام بەرزنجی". ڕۆمانی "کۆچڕە و ونگە"ی "عەبدوڵڵا سەراج"، ڕۆمانی "کۆڵە پشت"ی "ئەحمەد شادی"، ڕۆمانی "ئاگری بن کا"ی "سەعید ناکام". ڕۆمانی " پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان و تەمی سەرخەرەند"ی "شێرزاد حەسەن". ڕۆمانی "مەرگی تاقانەی دووەم و ئێوارە پەروانە و دواهەمین هەناری دنیا و کۆشکی باڵندە غەمگینەکانی "بەختیار عەلی". هەموو ئەم ڕۆمانانە بەجۆرێک لە جۆرەکان لە ڕێگەی کەسایەتی جۆراوجۆرەوە ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی نووسەریان لەخۆ گرتووە. (ڕەشید، ٢٠٠٧، ل٥٨ـ٦٤). لە زۆربەی ڕۆمانەکانی کوردی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و پەروەردەی کۆمەڵایەتی و بەها کۆمەڵایەتییەکان چەقی ناوەرۆکی ڕۆمانەکانیان گرتووە، ڕۆماننووس چەندین کاراکتەری ئەرێنی و نەرێنی کۆمەلایەتی بەرجەستە کردووە، کە بەهۆیانە پەروەردەی کۆمەڵایەتی دەخاتەڕوو.

**سێیەم: پەروەردەی ئایینی**

لە ڕووی ناوەرۆکەوە جۆرێکی تری ڕۆمان خۆی دەسەلمێنێت، کە لەسەر بنەما و پرەنسیپە ئایینییەکان بینا دەکرێت، کە بریتییە لە ڕۆمانی ئایینی، ئەم جۆرە ڕۆمانە پەیوەستە بە جۆرێکی پەروەردەوە، کە خۆی لە پەروەردەی ئایینیدا دەبینێتەوە، ئامانجی سەرەکی لەم جۆرە ڕۆمانەدا بریتییە لە پەروەردە کردنی تاک لە چوارچێوەی ئایینەکەوە، کە ئەمەش لە ڕێگەی بەخشینی زانیاری ئایینی و خستنەڕووی لایەنی مێژووی ئایینەکەوە دەبێت. هەروەها لە ڕۆمانی کوردیدا جۆرێکی تر بۆ ڕاستکردنەوەی پەروەردەی ئایینی هەیە، ئەویش لە ڕێگەی ڕەخنە گرتن لەو کەسانەی، کە بەناوی ئایینەوە بۆچوون و لێکدانەوەی هەڵە بڵاودەکەنەوە و چەمکەکان لە بەرژەوەندی کەسی خۆیانەوە شیدەکانەوە، نووسەر دەیەوێت جارێکی تر بینای پەروەردەی ئایینی خوێنەر بکاتەوە، سروشتی چاکە و خراپە و ژیاندۆستی و خۆشەویستی و مرۆڤدۆستی ناو ئایینەکان لە ڕۆمانەکاندا بەرجەستە دەکرێن، چەمکە ئایینییەکان لە فۆرمێکی هونەری و ئەدەبی و ژیاندۆستی دادەڕێژرێنەوە بۆ ئەوەی پەروەردەیەکی ئایینی تەندروست بە تاکی خوێنەر ببەخشرێتەوە.

ڕۆمانی ئایینی ڕۆمانێکە مامەڵە لەگەڵ چەمکە بنەڕەتییەکانی ژیان، ئاکار و بنەماکانی ژیان لەڕووی ئایینیەوە دەکات، قسە لەبارەی چەمکەکانی وەکو ژیان، مردن، مرۆڤ، خودا، چاکە و خراپە لەڕووی ئایینی و مەزەبێکی دیاریکراوەوە دەکات، لە ڕۆمانی کوردیدا "عەبدولکەریم فەتاح" لە هەردوو ڕۆمانی "گەڕانەوە بۆ مەرگ ـ ٢٠٠٩" و "حیکمەتی پیران ــ ٢٠١٠)، کار لەبارەی چەمکەکانی خودا، مردن ، مرۆڤ، ژیان و عیرفانییەت دەکات، لە ڕۆمانی "گەڕانەوە بۆ مەرگ"دا باسی ئەوە دەکات، دەکرێ مرۆڤ لەڕێی ناخی خۆیەوە، لەڕێی تێڕامانەوە بگات بە میهر و سۆزی خودا، واتە گەڕانێکە بۆ خودا، بۆ کاروانی پیاوچاکان لەڕێی تێڕامان و خەونەوە، لەیەکێک لە دایەلۆگەکانی نێوان یوسف و محەمەدی خەڵوەتیدا بیرکردنەوە لەیاساکانی سروشت و وردبوونەوە و تێفکرین لە چۆنییەتی سوڕانی گەردوون، بە سەرچاوەی مەعریفە و زانست دادەنرێت.(مەنتک، ل٦٧٣).

**پەروەردەی فەلسەفی**

ئەم ڕۆمانە دیدێکی فکری و فەلسەفی لە خۆی دەگرێت، لە ڕێگەی ورووژاندنی کۆمەڵێک پرسیار و خستنەڕووی چەند چەمک و کێشە و بابەتێکی دیاریکراو، کە بەقوڵی بەناو باس و لایەنەکانی دەچێتە خوارەوە و لێکدانەوە و شیکردنەوەی جۆراوجۆری بۆ دەکات.

ڕۆماننووس لە ڕووداو و ناوەرۆک و باسی ڕۆمانەکەدا زەمینەی پرسیارکردن بۆ کاراکتەرەکان دەرەخسێنێت، بەجۆرێک کە پرسیار لە دیاردەکانی سروشت و دیاردە کەسی و کۆمەڵایەتی و چەمکی مادی و مەعنەوی بکەن، بە مەبەستی گەڕان بەدوای وەڵامی گونجاو و بەخشینی زانیاری فەلسەفیانە لەسەر بابەتەکە. ئەم ڕۆمانەدا جیهانبینی فەلسەفی لەخۆگرتووە، کە ڕۆماننوس لە ڕێگەی ئەو زانیاری و جیهانبنیە فەلسەفییەی خۆیەوە، لە ڕوانگەی ڕێباز و تەوژمی جیاجیای فەلسەفی بۆچوونی فەیلەسوفەکان وەڵام و لێکدانەوە و زانیاری جۆراوجۆر لەسەر چەمکەکان پێشکەش بەخوێنەر دەکات. بەمەش بە ئەرکی پەروەردەکردنێکی فەلسەفیانە هەڵدەستێت بەوەی، کە حەزی پرسیارکردن و بیرکردنەوە و خەیاڵ و ڕامانی خوینەر پەروەردە دەکات. ڕۆمانی "جیهانی سۆفیا"، کە نووسەرەکەی "یوستاین گاردەر"ە، نموونەیەکی دیارە لەسەر ڕۆمانی فەلسەفی و پەروەردەی فەلەسەفی، لە ڕۆمانی کوردیشدا، کە تا زۆر ئەم دۆخە دەکەوێتە بەرچاو، هەرچەندە فەلسەفە وەک بابەت و ناوەرۆکێکی سەرەکی لە ڕۆمانی کوردیدا تەزیف نەکراوە، زیاتر ئەوەی هەیە لێکدانەوەیە بۆ دیاردەکانی ژیان بە پشت بەستن بە بۆچوونی فەلسەفی جیاجیاوە، بۆ نموونە لە ڕۆمانەکانی "کاروان کاکە سوور"، وێنەیەک لەم جۆرە دەبینین، هەروەها "بەختیار عەلی" لە سەرجەم ڕۆمانەکانی خۆیدا، هەوڵێکی لەم جۆرەی هەیە، کە تێڕوانینی هزری و فەلسەفەی لەسەر چەمکەکان بخاتەڕوو، خاسیەتێکی هەرە جیاکەرەوەی شێوازی ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی، ململانێیە لە نێوان بابەتە مەعنەوییەکاندا، بۆ تێگەیشتن لە دیاردەیەك یان لێکدانەوەی  چەمکێك، بابەتەکە و دژەکەی پێکەوە دەباتە دۆخی قسە لەسەرکردنەوە، چەند کاراکتەرێك خاوەندارییەتی بابەتەکە دەکەن و هەندێك کاراکتەریش خاوەندارییەتی فکرە دژەکە دەکەن، لە هەر دوو کاراکتەرەکە قووڵبوونەوە هەیە، ململانێیەکانیش لەسەر چەمك و بابەتی فکرین، کە گفتوگۆ و بۆچوونی زۆر هەڵدەگرن. بۆ نموونە ململانی لە نێوان (جەهل و عەقل، هونەر و هونەرکوژ، عەشقی ئیلاهی و عەشقی مەجازی، ئەوینی دوولایەنە و ئەوینی یەك لایەنە، خەیاڵ و واقیع، مردن و ژیان، سروشتی ژن و پیاو، شەڕ و ئاشتی، نیشتیمان و تاراوگە، ....تاد). ئەم ململانێە لە ڕێگەی دوو جۆرە شوێن و گروپ و کاراکتەری جیاوازەوە دەخاتە بواری  مەزراندن و قسە لەسەر کردنەوە. دواجار دەتوانین بۆچوون و لایەنگیری نوسەر بۆ یەکێك لەم دوو دژە بەدی بکەین. بۆ نموونە لە (شاری مۆسیقارە سپییەکان)دا لەپشت کێشەی ئەنفال باسی زۆر ململانێی تر دەکات وەك بابەتی عەشق و جۆرەکانی یان لە ڕۆمانی (غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵدا) دوو جیهانی جیاواز دەنەخشێنێت کە خەیاڵ و واقعین و ململانێیەکی بەهێز لە نێوانیان دروست دەکات، دواجار هەست بە لایەنگری نووسەر دەکەی بۆ هێز و جیهانی خەیاڵ.(مەلازادە، ٢٠١٩، ل٢٤ـ٢٤٤).

**چوارەم: پەرورەدەی سیاسی**

ڕۆمانی سیاسی، هەروەک لە ناوەکەیدا، دیارە بریتییە لەم ڕۆمانەی بارودۆخی سیاسی و کێشە و ڕووداوە سیاسییەکان لە خۆ دەگرێت، ململانێ و تەکنیکی دژایەتی و بەربەرەکانی کردن و هەوڵدان بۆ دەستەڵات دەخاتەڕوو، کە بۆ ئەمەش سود لە زانیاری زانستی سیاسی و ڕووداوی واقیعی و مێژووی سیاسی و ژیانی کاراکتەرە سیاسییەکان وەردەگرێت، لە ڕێگەی کۆمەڵێک ڕووداو و کاراکتەرەوە وێنەی لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی دەستەڵاتی سیاسی و حوکمڕانی دەخرێتەڕوو، کاریگەری گەندەڵی و سیاسەتی چەوت و ڕەگەزپەرستی لە سەر تاک و کۆمەڵگا دەخاتەڕوو، بەمەش ڕۆماننووس دەیەوێت لە ڕێگەی خستنەڕووی هەموو ئەمانە و ڕەخنەی سیاسییەوە پەروەردەیەکی سیاسیانەی تەندروست وێنا بکات و بە خوینەری ببەخشێت. کاریگەری سیاسەتی باش و خراپ لەسەر بوارەکانی پەروەردە دەخاتەڕوو.

لە ڕۆمانی کوردیدا ئەم وێنەیە زۆرە بە هۆی زۆری ڕووداوە مێژووییەکان و ئاڵۆزی بارودۆخی سیاسی کورد و داگیرکاری و شۆڕشی نەتەوەیی جۆراوجۆرەوە، بۆ نموونە شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ساڵی "١٩٥٨" و بارودۆخی سەرهەڵدان و سیستەمی پاشایەتی و ڕووداوەکانی پێش ئەم شۆڕشە و دوای شۆڕشەکە و سیاسەت و حوکمرانی و لێکەوتەکانی ئەم حکمڕانییە و شۆڕشی ئەیلول و کۆماری مەهاباد، ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازار، خەباتی چەکداری، ڕاگواستن و ئاوارەبوون، ئەنفال، لەم ڕۆمانانەدا ڕەنگی داوەتەوە بۆ نموونە: "ڕۆمانی ئاشتی کوردستان"ی "محمد سالح سەعید". ڕۆمانی "هەرەس"ی "موکری". ڕۆمانی "شار و هەڵکشان بەرەو لوتکە"ی "حوسێن عارف". ڕۆمانی "توانەوە"ی "غفور سالح عەبدوڵڵا". ڕۆمانی "پێشمەرگە"ی "حوسێنی قازی". ڕۆمانی "سەگوەڕ و تۆڵە"ی "محمد موکری"، ڕۆمانی "کانگەی بەڵا"ی "حیسام بەرزنجی". ڕۆمانی "کوێخا سێوی"ی "عەزیزی مەلای ڕەش"(ڕەحمان، ل١٥٣-٢٢٩). جگە لەمانەش لە ڕۆمانی نوێشدا، بۆ نموونە ڕۆمانەکانی "بەختیار عەلی" چەندین بابەتی سیاسی وەکو "ئەنفال و ململانێنی حزبی و گەندەڵی و شەڕی براکوژی و ئاواربوون و ڕێکەوتن و گوتاری سیاسی" لەخۆ گرتووە، لەم ڕۆمانانەدا ئەم ڕووداوە سیاسیانە بەجۆرێک لە جۆرەکان گوزارشتیان لێکراوە لە ڕێگەی کۆمەڵێک ڕووداو و کاراکتەرەوە دۆخی سیاسی و کاریگەری ئەم بارودۆخە سیاسییە لەسەر پەروەردەی تاک کۆمەڵگا خراوەتەڕوو، هەروەها باشی و چەوتی و نەنگییەکانی سیاسەتکردنی و سیاسەتی تەندرووست و ناتەندروستی لەخۆگرتووە، ئەم ڕۆمانانە مێژووی سیاسی و ڕووداوی سیاسی و ڕەخنەی سیاسی و ژیانی کۆمەڵێک کاراکتەری سیاسی لە خۆگرتووە، بە هۆیەوە پەروەردەی سیاسی و سیاسەکان و سیاسەتی خستووەتەڕوو، لەم ڕێگەیەوە بۆ بواری سیاسەت و سیاسەت کردن بەشیویەکی گشتی پەروەردەیەک بە خوینەر دەبەخشێت.

**پێنجەم: پەروەردەی ئەدەبی و هونەری**

لەم ڕۆمانەدا، دید و بۆچوون و تێڕوانینی ئەدەبی و هونەریمان دەکەوێتە بەرچاو، لە ناوەڕۆک و خستنەڕووی بابەتەکان و ڕۆڵی کاراکتەرەکان و هێنانەوەی ڕووداوی هونەری و کاراکتەری هونەرمەند و شاعیردا ئەوە لایەنە ئەدەبی و پەروەردەی هونەرییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ڕۆمانووس لە بەرهەمەکەیدا هەوڵی بۆ داوە لە دیالۆگی نێوان کاراکتەرەکاندا، زەمینەیەکی ئەدەبی و هونەری دەڕەخسێنێت، تێگەیشتن لێی پەیوەستە بە چێژی ئەدەبیی و هونەرییەوە. لەم ڕۆمانەدا نووسەر بەهۆی ئەوەی ژیانی هونەرمەندێک یان ژیانی نووسەر و شاعیرێک دەکات بە کەرەستەی نووسین و پاڵەوان و کاراکتەرەکان لە نووسەر و هونەرمەند پێکدێن و بەهۆیەوە وێنەی ژینگەیەکی هونەری و ئەدەبی دەکێشێت، چەندین زانیاری لەسەر بابەتە هونەری و ئەدەبی و ژانرەکان دەخرێنەڕوو یاخود ژیاننامەی شاعیر و هونەرمەندێک دەکرێت بە بابەتی ڕۆمان بەمەش نووسەر لە ڕێگەیەوە دەیەوێت پەروەردەی ئەدەبی و هونەری خوێنەر بکات. بۆ نموونە "خسرەو جاف" لە ڕۆمانی "شازادە و شاعیر"دا، ویستوویەتی باس لە ژیانی نالی و شاعیرییەتی نالی بکات، هەروەها بەختیار عەلی لە ڕۆمانەکانی "شاری مۆسیقارە سپییەکان و کۆشکی باڵندە غەمگینەکان و غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵدا" چەندین بابەتی ئەدەبی و هونەری و کەسایەتی هونەری نمایش کردووە، بەشێکی گرنگی لە ڕۆمانەکانی بۆ بواری پەروەردەی ئەدەبی و هونەری تەرخانکردووە.

**شەشەم: پەروەردەی بەها ڕەوشتییەکان لە ڕۆمانی کوردیدا**

باشی و جوانی و تەواومەندییەتی کەسێتی مرۆڤ بەرهەمی کۆمەڵێک بەهای جۆاوجۆرن، کە بەسەر چەندین جۆردا دابەشت دەکرێن، هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆیی دەگرنەوە، بۆ نموونە کۆمەڵەی بەهای (کۆمەڵایەتییەکان، ئاکارییەکان، نیشتیمانی و نەتەوەییەکان، جەستییەکان، تەواکاری کەسایەتی، زانستییەکان، بەها ئابورییەکان،...هیتر)(فەرهادی،٢٠١٠، ل١٠٧). کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر دروستکردنی کەسایەتی دەروونی و عەقڵی مرۆڤ هەیە، مامەڵە و بیرکردنەوەی تاکی پێوە بەندە، (بەهاکان خۆیان لە کۆمەڵێک بنەما و پێوەری بەرزدا دەبیننەوە، کە تاک لەڕێگەی پەروەردە کردنەوە وەریان دەگرێت، دەبنە هۆکاری ئاراستەکردنی تاک و بەرپرسی هەموو کارەکانی مرۆڤ، بەهۆیەوە تاک پێوانەیەک وەردەگرێت بۆ بڕیاردان بەسەر ڕەفتاری تاکەکانی تردا)(الخزرجی، ٢٠١٣، ل٦). ئەم بەهایانە کرۆکی پەروەردەیان پێک هێناوە، خۆی لە خۆیدا پەروەردەکردن بریتییە لە جەختکردن و چەسپاندنی ئەم جۆرە بەهایانە لە هزری تاکدا، هیچ تاکێک ناتوانێت لە دەرەوەی کاریگەری ئەم بەهایانەدا بێت، چونکە (بەهاکان بریتیین لە کۆمەڵێک پێوەر و بنەما یان ڕێکخستن و ڕێکاری ڕەفتاری کە مرۆڤ دەیانگرێتەبەر، بەپێی ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕی مرڤایەتی هاتوونەتەدی لە ڕێگە پرۆسەی پەروەردە و خێزان و دەزگاکانی تری هاوشێوەیان دەگوێزرێتەوە بۆ نەوەکانی تر و هەوڵی هێنانەدی و چەسپاندنیان دەدرێت)(سعید علی، ٢٠٢٠، ل١٩٣).ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە تەنیا بریتییە لە بەها ڕەوشتییەکان، کە خۆیان لە کۆمەڵێک بەهای ڕەوشتی دەبینێتەوە، کە لە هەموو کاتدا بەشێوەی جۆراوجۆر دەرکەوتەیان لە ژیانی تاکدا هەیە، جوانی و ناشیرینی کەسایەتی مرۆڤی پێوە بەندە، وەکو (ڕاستگۆیی، ڕێزگرتن، دەستپاکی، هاوڕێیەتی، قوربانیدان،

مامەڵەی جوان، لێبوردەیی، ئارامگرتن، بەخشندەیی، دڵسۆزی و وەفاداری، بوێری، دادپەروەری، بڕوابەخۆبوون،.... هیتر)، ئەم بەها ڕەوشتییانە بنیادی کەسایەتی تاک و کۆمەڵگای لەسەر بەندە، سەرەتا پەروەردەیەکی تەندروست بە تاک دەبەخشن و دواتریش تاکێکی تەندروست بە کۆمەلگا دەبەخشن، چونکە بەها ڕەوشتییەکان، دەچنە ژیانی هەر تاکێکەوە و دواتر کۆمەڵیشەوە، ئەمەشە وای کردووە، کە جیگەی لێکۆڵینەوە و گرینگی پێدانی زانایان بێت، هەر بەهۆی ئەم بەهایانەشەوەیە، مرۆڤ شوناسی خودێتی خۆی پتەو بکات، گرنگی بەها لەوەدایە، کە بە پایەکی کارەکی پەروەردە دادەنرێت، لەبەرئەوەی گرینگترین ئامانجی پەروەردە و فێرکردن فێربوونی بەهایە، کە لە بنەما بنەڕەتییەکانی کاری پەروەردەیین و ڕۆڵیکی کارا لە ژیریی و ڕەفتاری تاکدا دەگێڕێت)(حسێن، ٢٠١٠، ل١٩).

بەشیویەکی گشتی یەکێک لە ئامانجەکانی ئەدەب و ناوەرۆکی دەقی ڕۆمانی کوردی، کە لە لایەن نووسەرێکی کوردەوە نووسراوە، ئەوا بریتییە لە جەختکردن لە بەها ڕەوشتییەکان و بەرز ڕاگرتنی ئەو بەهایانە، کە ئەمەش بەشێویەکی پراکتیکی و دراماتیکی لە ژیانی کاراکتەرە جۆراوجۆرەکانی ناو ڕۆمانەکاندا بەرجەستە کراوە، واتا نووسەری ڕۆمان دەیەوێت لە ڕێگەی خستنەڕووی ژیانی کاراکتەرێکەوە گرنگی بەها ڕەوشتییەکانمان بۆ دەربخات، ئەو بەها ڕەوشتییانە کەسایەتییەکی نموونەیی لە مرۆڤدا دروست دەکەن و بەمەش تاکێکی بەرز و جوان بە کۆمەڵگا دەبەخشێت. لە ڕۆمانی کوردیدا هەمیشە ئەو بەها ڕەوشتییانەی سەرەوە بە شێوەیەکی ئەرێنی و نەرێنی لە ژیانی کاراکتەرەکان و ڕووداوەکاندا وێنە کراوە، بۆ نموونە کاراکتەری لێبوردە بەهای لێبوردەییمان بۆ دەخاتەڕوو، هەروەها کاراکتەری ڕاستگۆ بەهای ڕاستگۆیی و ڕەوشتی ڕاستگۆیمان بۆ دەخاتەڕوو بەشێوەیەکی پراکتیکی و ڕاستەوخۆ، بەهەمان شێوە کاراکتەری درۆزن وێنیەکی ناشیرینی ئەو سیفەتەمان بۆ دەخاتەروو، کە دیسان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ جەختکردنەوەیە لە گرنگی بەهای ڕاستگۆیی و زیان و کاریگەری نەبوونی ڕاستگۆیی، ئەم وێنە و ڕووداوانەش کەم تا زۆر ڕۆمانی کوردییان تەنیوە، خوێنەر لە خوێندنەوەی هەر ڕۆمانێکی کوردیدا دەتوانێت تێبینی بوونی ئەم بەها ڕەوشتیانە بکات لە ژیانی کاراکتەرەکاندا. بۆ نموونە ئەگەر لە ڕۆمانەکانی (عەزیزی مەلای ڕەش، حوسێن عارف، عەبدوڵلا سەراج، حیسام بەرزنجی، سەلاح عومەر، تەحسین حەمەغەریب، شێرزاد حەسەن، بەختیار عەلی،.....تاد) وردبینەوە دەبینین، هەست بە جەختکردنەوەی بەها ڕەوشتییەکان دەکرێت لە ناو ڕۆمانەکاندا بە تایبەتی ئەم ڕۆمانانەی، کە زیاتر بە لای بارودۆخ و بابەتی کۆمەلایەتیدا دەشکێنەوە، چونکە دید و تێڕوانین و ڕەوشتی گشتی کۆمەڵگا بووە بە پێوەر بۆ پەسەندی کەسەکان، کە ئەم دید و تێڕوانینەشە بەهای بەشتەکان داوە و بەهاکانی دیاری کردووە، بۆیە بەهاکان خۆیان لەو (شێواز و ڕەفتارەی دەبننەوە، کە تاک یان کۆمەڵ بە نموونەیی دەیبینن، بەم پێیەش دواتر تاک بەهۆی ئەو بەهایانە ڕێز و پێزانین لەلایەن کۆمەڵگاوە دەستەبەر دەکا، بۆیە لەڕووی پەروەردەییەوە:" ئەو بەهایانە کۆمەڵیک پرەنسیپ و ڕێسا و ڕیکارن، کەوا خەڵک باوەڕیان پێیانەوە هەیە و لەسەری کۆکن و دەیانکەنە پێوەرێک بۆ کاری ڕۆژانەیان، بەهۆیەوە کارەکانیان و هەڵسوکەوتە ماددی و مەعنەوییەکانیان هەڵدەسەنگێنین)(نایل، ٢٠٠٦، ل٨١). بەم پێیەی کەسەکانی ناو ڕۆمانیش دەبێت کەسی دەروونی و کۆمەڵایەتی بن و ئەندامێک بن لەناو کۆمەڵگادا، هەڵگری هەموو سیفەتی عەقڵی و دەروونی و کۆمەلایەتین، بۆیە بە شێوەی جۆراو جۆر و لە چوارچێوەی ئەرک و بەرپرسیارییەتیی خۆیانەوە دەبن بە هەڵگری بەهاکان یان دەژەکانیان، ئەمەش وای کردووە، کە نووسەران ئەم بەهایانە و دژەکانیان لە ژیانی کاراکتەرەکانی ناو ڕۆماندا تەوزیف بکەن، لەم ڕێگەیەوە ڕۆڵ و کاریگەریی بەهاکانیان لەسەر ژیانی تاک و کۆمەڵگا دەرخستووە.

**٣-٢-٢. شێوەکانی ڕۆمانی پەروەردەیی کوردی**

سەبارەت بە شێوازی ڕۆمانی پەروەردەیی، ئەوا هەر وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کردووە، کە لە ڕۆمانی کوردیدا ڕۆمانێکی تەواو پەروەردەیمان نییە، کە تایبەت بە ئامانجی پەروەردە و فێرکردن یان پەروەردەیەکی دیاریکراو نووسرابێت، یاخود نووسەرێکی پسپۆڕ و دیاریکراومان نییە، کە تایبەت بەم بوارە و لە پێناو ئەم ئامانجەدا ڕۆمانەکانی بنووسێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ڕۆمانی کوردی لە رووی ناوەرۆکەوە فرە بابەتە و یەکیک لەم بوار و بابەتانەش، کە لەخۆی دەگرێت بابەتی پەروەردەییە، واتا هەموو ڕۆمانێک کەم تا زۆر ڕەهەندی پەروەردەیی تیدایە، ئەگەر نووسەرەکەش بەرنامەی بۆ دانەڕێشتبێت ئەوا خودی دەقی ڕۆمانەکە هەڵگری ئامانجی پەروەردەی جۆراوجۆرە، کە هەروەکو وتمان بە پراکتیکی لە ژیانی کاراکتەرەکانەوە گرنگی و جۆرەکانی پەروەردە و بەها پەروەردەییەکان دەردەکەوێت، لەبەر ئەم هۆکارەی سەرەوە، ناتوانرێت شێواز و تایبەتمەندییەکانی شێوازی ڕۆمانی پەروەردەیی کوردی باس بکەین، لەبەر ئەوەی ڕۆمانی کوردی فرە بابەت و مەبەستە بۆیە تەنیا دەتوانین تێبینی ئەو بەش و ڕەهەند پەروەردەییانە بکەین، کە هەر ڕۆمانێک لە خۆی دەگرێت و لە چوارچێوەی سنووری ئەم تەوەرە و بەش و لایەنانەی ناو ڕۆمانەکەوە شێوازی ڕۆمانی پەروەردەیی بخەینەڕوو، لەم ڕوانگەیەوە ئاماژە بە شێواز و خاسییەتەکانی ڕۆمانی پەروەردەیی بکەین.

ئەو شێوازانەی بە ڕۆمانی پەروەردەییەوە پەیوەستن لە هەموو ڕوویەکەوە دەبێت. ڕەچاوی تایبەتمەندی و ئامانج و خاسییەتی پەروەردەییی تێدا بکرێت، لە رووی ڕوخسار و ناوەرۆک و تەکنیک و ڕەگەزەکانی ڕۆمانەوە، بەجۆرێک دەبێت کات و شوێن و چنینی ڕووداوەکان و کەسەکانی ناو ڕۆمانەکە لە خزمەت ئامانجی پەروەردەیی دابن و نووسەر دەبێت ڕووداوەکان بەو ئاراستەیەدا ببات، کە بەهۆیەوە ژینگەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری بخولقێنێت. ڕووداوی جوان و ناشیرینی کەسی و ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و هیتر دروست بکات، وێنەیەکمان بۆ دەخاتەڕوو، کە بوونی بەها بەرزەکانی وەک بەهای ڕەوشتی و بەهای کۆمەڵایەتی و ئایینی چ کاریگەرییەکی ئەرێنی هەیە، بۆ دروستبوونی کەسایەتی نموونەیی و ژیانی جوان و کۆمەڵگەی تەندروست و نەبوونی بەهاکانیش چ کاریگەرییەکی نەرێنی هەیە بەسەر کێشە و تێکچوونی شیرازەی ژیانی کۆمەڵایەتی و کەسییەوە، ڕووداوەکان خۆی لە کاری جوان و ژیان دۆستی و مرۆڤدۆستی و کاری تاوان و ناپەسەند و ناشیرین دەبینێتەوە، ئەوا لەهەردوو جۆرە ڕووداوەکەدا ئامانج و ڕەهەندی پەروەردەیی هەیە و خوێنەر دەرس و وانەی پەروەردەیی لێ وەردەگرێت.

ڕۆمانی پەروەردەیی جگە لە ڕووداوەکان، کە گوزارشت لە دۆخێکی پەروەردە و کۆمەڵێک بەهای پەروەردەیی دەکەن دیسانەوە دەبێت، ڕۆماننوس کاراکتەری پەیوەست بە بواری پەروەردەیی دروستبکات لە ناو ڕۆمانەکەدا، وەکو کەسایەتی (ڕۆشنبیر، زانا و بیرمەند، مامۆستا و دایک و باوک، مەلا و شێخ و عاریف، یاخود کەسێکی ئەزموودار،..... تاد)، لە هەمان کاتدا کاراکتەرێک لە فۆڕمی منداڵ و قوتابی و فەقێیەک دەخاتە بەر دەستی ئەو کەسایەتییانە بۆ ئەوەی ڕێنمایی و ئامۆژگاری و وانەی پەروەردەییان پێ بڵێنەوە و دیالۆگێکی پەروەردەیی بێتە بەرهەم، بێگومان لە ناو گفتوگۆیەی نێوان کەسایەتیی مامۆستا و مەلا لەگەل قوتابی یاخود گفتوگۆی نێوان باوک و کوڕ ئەوا ڕەهەندی پەروەردەیی بوونی هەیە بەوەی، کە گفتوگۆیەکە بابەتی فێرکاری و ئامۆژگاری لەخۆ گرتووە، بەمەش جەختکردن لە سەر پەروەردەکردن و جۆرەکانی پەروەردە و بەها پەروەردییەکانی لەخۆگرتووە، جگە لە وانە پرۆسەیی پەروەردە و جەختکردنەوە لەسەر بەهای پەروەردەیی و ڕەهەندی پەروەردەیی لە نێوان گفتوگۆی نیوان پێگەیشتووان و گەورەکانیش ڕوودەدات، بۆیە ئەم لایەنە پەروەردەیی و دیالۆگە پەروەردەییە بەپێی قۆناغ و تەمەنی کەسەکان دەگۆڕێت، بەڵام بەشیویەکی گشتی بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجی پەروەردەیی لە رۆماندا قۆناغی منداڵی دەبێتە چەق، بۆیە لە زۆرێک لە ڕۆمانە کوردییەکاندا بوونی کاراکتەری منداڵ تێدا پێویستییەکی حەتمییە، نووسەر دەیەوێت لە ڕیگەی پەروەردەکردنی منداڵ و قوتابی ناو ڕۆمانەکە خوێنەران و تەواوی کۆمەڵگا جارێکی تر پەروەردە بکاتەوە.

ئەگەر لە ناوەرۆکی هەندێک لە ڕۆمانە کوردییەکان بڕوانین ئەم دۆخە پەروەردەییەمان زیاتر بۆ ڕوون دەبیتەوە، بۆ نموونە ڕۆمانی ( شڤانی کورد_ ١٩٣٥)ی ، (عەرەبی شەمۆ) نموونەیەکە بۆ ڕۆمانی پەروەردەیی، کە ڕۆماننوس باسی سەردەمی منداڵێتی خۆی لە گوندەکەیان دەکات تا گەورەبوون و بەشداریکردنی لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا. چەندین بابەتی ڕەهەندی پەروەردەیی کۆمەلایەتی و سیاسی لەخۆگرتووە. هەروەها "وەزیرێ ئیشۆ" لە ڕۆمانی (پامپ سیپان ــ ١٩٨٦) باسی ژیانی خۆی دەکات لە منداڵییەوە تاکو گەورەبوونی، لە چوارچێوەی ژیانی خۆیدا، ژیانی کوردان لە یەکێتی سۆڤییەت دەخاتە ڕوو. (ڕێبوارێکی سەرگەردان ــ ٢٠٠٢)ی (گەلاویژ)یش باسی کچێک دەکات، ئەم کچە لە منداڵییەوە دایک و باوکی بە ڕوداوێکەوە دەمرن، خاڵی دەیباتە لای خۆی و بەخێوی دەکات، دوای ئەوەی تەمەنی دەبێتە هەژدە ساڵ خاڵی لە پێناو پارەدا دەیدات بە پیاوێکی خاوەن خێزان، پیاوەکەی و خێزانەکەی زۆر لە گەڵیدا خراپ دەبن، ئەمەیش نیشاندانی چۆنییەتی پەروەردەکردنی تاکە لە کۆمەڵە دواکەوتوەکاندا.

هەروەها (شێرزاد حەسەن) بە چیرۆکی پەروەردەیی و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی جیادەکرێتەوە، لە ڕۆمانەکانی (دوا شەوی دابەزینی عیسا، ژنێک بەسەر منارەوە، پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان، تەمی سەر خەرەند، حەسار و سەگەکانی باوکم، ژنێکی منگن) چەندین بابەتی کۆمەڵایەتی و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دەورووژێنیت، لایەنی ئەرێنی و نەرێنی پەروەردەی خێزانی کورد و شێوازی پەروەردەیی ژن و منداڵی کورد دەخاتەڕوو، بۆ نموونە (تەرمی سەر خەرەند_ ٢٠٠٣)، کەسێک بەناوی فەرهاد دوای ئەوەی لە تاراوگە دەگەڕێتەوە سەر خاکیکی سووتاو و وێران، لەڕێی یادەوەرییەوە بۆ سەردەمی منداڵی خۆی دەگەڕێتەوە، کە چۆن داپیرەی چیرۆکی بۆ گێڕاوەتەوە، باسی گەشەی ژیانی خۆیمان لە منداڵییەوە بۆ دەکات، لەو ڕێیەوە کاریگەری کولتور لەسەر پەروەردەی تاک و کۆمەڵ باس دەکات. هەروەها (ڕۆمانی هێڤیێن بریندار_ ٢٠٠٣)، کە لە نوسینی (عومەر دڵسۆز)ە کۆمەڵێک پەیامی پەروەردەیی سیاسی تێدایە، لە جیهانبینی و چاوی کۆمەڵێک منداڵەوە ڕووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ساڵانی (١٩٨٨ـ١٩٩٤) لە باکوری کوردستان دەگێڕێتەوە. ڕۆمانی (قامچی ــ ٢٠١١) لە نوسینی (کاروان عبدالله)، باسی ڕووداوەکانی ژیانی منداڵێک دەکات، کە لە قوتابخانەی گوندەکەیان دەخوێنێت، باسی چۆنییەتی پەروەردە کردنی منداڵ دەکات لە ناو خێزان و قوتابخانەدا. ڕۆمانی (ڕێزمانی

خۆشەویستی) لە نوسینی (سەباح مەجید) وەک ڕۆمانێکی پەروەردەیی باسی سیستەمی پەروەردە دەکا لە ناو کۆمەڵ و قوتابخانەکاندا.

بەم شێویە هەر ڕۆمانێک چەند کاراکتەرێکی لەخۆی گرتووە، ئەم کاراکتەرانەش هەڵگری پەروەردەی جۆراوجۆرن بە باش یان خراپ، واتە کاراکتەری ڕۆمان یان هەڵگری پەروەردەیەکی جوان و تەندروست و پەسەندە، یاخود تەمسیلی پەروەردەیەکی نەرینی و خراپ و ناشیرین دەکات، لە هەردوو حاڵەت و جۆرەکەیەوە ئەمە دەبێتە نموونە و دەرخەری ڕەهەندی پەروەردەیی بەجۆرێک لە جۆرەکان گوزارشتە لە دۆخی پەروەردەکردن و بوونی ئەم جۆرە پەروەردانە لە ناو کۆمەڵگادا.

جگە لەم قۆناغە بەشێکی زۆر لە پێکهاتەی ناوەرۆک و مەبەستی ڕۆمان بۆ گەشەپێدانی مرۆییە بۆ قۆناغی پێگەیشتوان، بۆ پێویستییە پەروەردەیەکانی ئەم قۆناغە جەخت لە بەهای پەروەردەیی و ڕەهەندی پەروەردەیی دەکرێتەوە، ئەمەش لە تەکنیکی مۆنۆلۆگدا دەردەکەوێت، لە ناو مۆنۆلۆگدا لەکاتی گەڕانەوەی خۆد بۆ کار و چالاکی و مامەڵە و هەڵەکانی خۆی، پەروەردەی خودی و پیگەیاندنی کەسایەتی دەبینین، کە لەم ڕێگەیەوە کاراکتەر خۆی بینا دەکاتەوە لە رووی پەروەردەییەوە.

ڕۆماننوس لە ڕووی شوێنیشەوە، هەڵدەستێت بە بەرجەستە کردنی کۆمەڵیک شوێنی دیاریکراو، کە تێدا پرۆسەی پەروەردە کردن بەڕێوە دەچێت، کە ئەم شوینانەی خۆی لە خۆیدا بۆ ژینگەی پەروەردە و فێرکردن فەراهەم کراون و ڕووداوەکان و کاراکتەر و گفتوگۆکان هەموویان لە خزمەتی پەروەردە و فێرکردندان، بۆ نموونە ماڵ کە کۆکەرەوەی خێزانە یاخود وەکو (مزگەوت، باخچەی ساوایان، قوتابخانە، زانکۆ، سەنتەر و ڕیکخراو و مەڵبەندە مەعریفی و ئەکادیمییەکان).

سەرەڕای ئەوەی هەموو ڕۆمانێک کەم تا زۆر لە کۆی مەبەست و پەیامدارییەکەی ڕۆماننوس هەڵگری فەلسەفەیەکی پەروەردەیی و وانەی و پەند و پەیامی پەروەردەیی و بەهای ڕەوشتی لەخۆی گرتووە، دەشێت هەر خوێنەرێک بەپێی ئاست و ئاسۆی بینینی خۆی لە خوێندنەوەی هەر ڕۆمانێک گەشە بە کەسایەتی خۆی بدات لە رووی پەروەردەییەوە، ئەو فەلسەفە و پەیامە پەروەردەییە کار لە بنیاتنانەوەی کەسایەتی خوینەر بکات، بەم جۆرە شێوازی ڕۆمانی پەروەردەیی و ڕەهەندی پەروەردەیی لە ناو ڕۆمانێکدا تایبەتمەندی خۆی وەردەگرێت بەوەی، کە هەموو پێکهێنەرەکانی ڕۆمانەکە ناوەرۆک و ڕوخسار و ڕەگەز و تەکنیکەکان لە پێناو ئامانجی پەروەردەیی بخرێنەگەڕ و بە دەوری ئەم ستراتیژەدا بسورێنەوە.

**٣-٣-٣. شێوازی زمانی ڕۆمانی پەروەردەیی کوردی**

سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی زمان و شێوازی زمانی ڕۆمانی پەروەردەیی، ژانری ڕۆمان بەشێوەی پەخشان دیتە نووسین،(سەبارەت بە شێوازی پەخشان و جۆرەکانی پەخشان و بنەما هونەری و سیماکانی جۆرەکانی ئەو بەشە، دیسان خاسیەت و تەکنیك و تایبەتمەندی جۆراوجۆر دێتە پێشەوە بەپێ سروشتی جۆرەکانی پەخشان و بەشەکانی هەر جۆرێکیان، بەشێوەیەکی گشتی پەخشان بەسەر چەند شێوە پۆلینێك دابەش کراوە، کە دیارترینیان بریتییە لە "پەخشانی هونەری و پەخشانی زانستی"، هەندێکی تر ئاماژە بە جۆرێکی تریش دەکەن کە " پەخشانی زانستی بە ئەدەبکراوە"، لە تێکەڵ کردنی هەردوو شێوازی هونەری و زانستی دروست دەبێت، ئەم جۆرە پەخشانە زیاتر لە کردەی فێرکاری و پرۆسەی پەروەردە و خویندن بەکار دەهێنرێت) (مەلازادە، 2019، ل89).

هەر یەکە لەم جۆرانەی پەخشان لە ژانرەکاندا بە تەواوی یاخود بەشێوەیەکی جوزئی بوونیان هەیە، دەرکەوتنی هەر جۆرێکیان بە مەبەست و ئامانج و ناوەرۆکەکەوە پەیوەستە، بۆ نموونە پەخشانی زانستی بە ئەدەبکراو، جگە لەوەی لە ناو وانەکاندا بەسەربەخۆی دەردەکەوێت، ئەوا لەناو چیرۆک و ڕۆمانیشدا لەم بەشەی بە پەروەردە و فێرکارییەوە پەیوەستە ئەم شێوازە بوونی هەیە ئەم جۆرەیان، کە زیاتر بە بابەتی فێرکاری و پەروەردەییەوە پەیوەستە و بە شێویەکی گشتی تایبەتە بە قۆناغی منداڵی و سەرەتاییەوە، بەرهەمەکە دەبێت بە جۆریک بێت، کە(لەگەڵ بەهاکاندا بگونجێت و لە چوارچێوەی ئەو بەهایانەدا بێت کە لە ئەدەبی منداڵاندا پێڕەو دەکرێن، پەیامێک بە منداڵ بگەیەنێت، لە ڕووی زمانی بەکارهاتووەوە دەبێت بە زمانێکی پاراو بنوسرێت، واتە منداڵ زیاتر فێری زمانەکە بکات، نەک سەری لێبشێوێنێ، وشەکانی ئاسان بن و لە فەرهەنگی منداڵانەوە هەڵقوڵابن، بەو ڕێنوسە بنوسرێت کە لە قوتابخانەکاندا دەخوێنرێت)(فەرهادی، ٢٠٠٠, ل٤٥) لەم جۆرەدا بابەتەدا فێرکاری و پەروەردەییەکان بە زمانێکی ئاسان و تێکەڵاو لە زمانی زانستی و ئەدەبی دەنووسرێن و ڕەچاوی لایەنی چێژ و ورووژاندنی هەست و هۆشی منداڵ دەکرێت، زیاتر ئامۆژگاری و بابەتەکان بە نموونەی سروشتی و بە بەرجەستەکراوی بۆ منداڵان دەخرێنەڕوو، تەکنیک و شێوازی بەکەس کردن و بەتەنکردن پەیڕەو دەکرێت و لەسەر زمانی ئاژەڵان و درەختەکان باس لە شتەکان دەکرێن و ئاژەڵ و ڕووەک و ڕەنگ

و کەرەستە بێگیانەکان دەکەونە قسە کردن بەمە ڕێنمایی ژینگەیی و ئاژەڵدۆستی و خۆشەویستی و پەروەردەی شارستانییەتی بە منداڵ دەبەخشرێت. بۆیە زمانەکە تا ڕادەیەک لایەنی هونەری و شیعرییەتی لەخۆگرتووە بەجۆرێک، کە لە ئاستی تێگەیشتنی ئەم قۆناغەدا بێت، ئەم شێوازە هونەرییەش لە ناو ئەدەب و ژانری ڕۆماندا چڕتر دەبێتەوە، زیاتر دەچێتە ناو فۆڕمی زمانە شیعرییەتەکەوە.

بەڵام شێوازی دەق و پەخشانی زانستی بە پێچەوانەوە، لە نووسین و دارشتنی ئەبستراکت و دوور لە ڕەهەندە هونەرییەکان پێك دێت، زیاتر دەیەوێت بیرەکان بە فۆڕمێك بێ مەدلوول دەربڕێت، بۆیە تەنیا لە ڕەگەزی بیر و فۆڕم پێك دێت، خۆی لە بەکارهێنانی وشەکاری هونەری و زمانی جوانکاری بە دوور دەگرێت، تەکنیکی هونەری و شیعرییەتی زمان لەخۆ ناگرێت، ئامانجی پەخشانی زانستی سەلماندنی حەقیقەتێکی زانستییە و بۆیە زمانی دەربڕینەکەی دوورە لە لایەنی سۆز و کاریگەری دەروونی، زیاتر مامەڵە لەگەڵ داتا و ژمارە و هاوکێشە و وشەی ئەبستراکت دەکات بۆ گوزارشتەکانی خۆی، ئەمەش هەموو ئەو پەخشان و نووسینانە دەگرێتەوە، کە پەیوەستە بە زانستە سروشتییەکانەوە وەکو "جیۆلۆجی، زیندەوەرزانی، فیزیا، ئابووری، کیمیا، ماتماتیك، ئەندازیاری،....تاد".(مەلازادە، ل89). ئەم جۆرە دەق و پەخشانە زانستییە لە ڕۆماندا، کەم تا زۆر لە جۆرەکانی "ڕۆمانی زانستی، ڕۆمانی خەیاڵی زانستی، ڕۆمانی تۆمار و بەڵگەنامەیی، ڕۆمانی ئەزموونگەری" دەرکەوتەی هەیە، یاخود لەم بەش و دارشتانانەی ناو ڕۆمانێکدا بوونیان هەیە کە باس لە بابەتێکی زانستی یان شیکارێکی زانستی دەکات، ئەم زمانە لە ناو ڕۆماندا پشوو درێژ نابێت، ڕۆماننووس ناتوانێت لە دەرەوەی زمانی هونەری و شیعرییەتدا درێژە بە نووسین بدات.

لە دەق و پەخشانی هونەریدا، کە ئەم جۆرە باڵی بەسەر زۆربەی ژانرە ئەدەبییەکاندا کێشاوە، شێوازی زمانی ژانری ڕۆمان بەشێوەیەکی گشتی پێک دەهێنێت، ئەم جۆرەیان مەرج و پێوەرەکانی دەقێتی ئەدەبی تێدایە، بەپێی بابەت و ژانرەکە ئەدەبییەتی خۆی دەنوێنێت، لە ڕووی زمان و تەکنیك و ڕەگەزەکانەوە، بەشێوەیەکی هونەری و زمانێکی ئەدەبی و پڕ لە شیعرییەتەوە نووسراون و هەر چوار ڕەگەزە سەرەکییەکانی وەك" هەست و سۆز و خەیاڵ و بیر و فۆڕم" لە خۆی دەگرێت، نووسەر دەیەوێت لە ڕوانگەی تێگەیشتن و ئەزموون و هەست و سۆزی خۆیەوە بەزمانێکی هونەری گوزارشت لە بابەتێك بکات، گرنگی بە بنەمای هەڵبژاردن و بەکارهێنانی هونەرە جوانکارییەکانی دەق دەدات، ئەم پەخشانە بەشێوەیەك دادەڕێژرێت، کە کەسایەتی نووسەر لە ناویدا ڕەنگبداتەوە بەجۆرێك بێت کاریگەری دەروونی لەسەر خوێنەر دروست بکات. پەخشانی هونەریش چەندین لقی لێ دەبێتەوە. بەشێوەیەکی گشتی ڕۆمان لەمەدا خۆی دەنوێنێت و شیعرییەتی دەربڕینی بەرزە و جۆرەکانی لادان و ڕەمز و هونەرەکانی ڕەوانبێژی لەخۆی گرتووە.

ئینجا ئەگەر لە ڕوانگەی پەخشانی زانستی و پەخشانی هونەرییەوە باس لە شێوازی زمانی ڕۆمان بکەین، ئەوا ئەم ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە ڕۆمانی فێرکاری و ڕۆمانی پەروەردەیی لە ڕووی شێوازی زمان و خاسییەتی هونەری و شیعرییەتەوە جیاوازییان هەیە، ڕۆمانی فێرکاری واتە ئەو ڕۆمانەی بەتەنگ فێرکردنی بابەتێکی زانستییەوە، زیاتر شێوازی زانستی لە خۆی گرتووە واتە تایبەتمەندییەکانی نزیک لە پەخشانی زانستی هەیە، واتە بەکارهێنانی زمانێکی سادە و ڕووت لە بابەتە زانستییەکان و ڕەهەندی فێرکاری و پرۆسەی فێرکردن باڵادەستە، چونکە زیاتر ئامانج لەمە گواستنەوەی زانستەکەیە بەبێ زیاد و کەم. فێرکردنی کەسی بەرامبەرە. بەڵام شێوازی زمان و زمانی بەکارهاتوو لە ڕۆمانی پەروەردەیی گۆڕانی بەسەردا دێت، لایەنی هونەری و شیعرییەتی لەخۆگرتووە، زمان لە ڕۆمانی پەروەردەییدا لە دوای کاریگەریی و چێژیشەوە دەیەوێت بەجۆرێک گوزارشت لە بەها پەروەردەییەکان بکرێت، کە کاریگەری دەروونی و عەقڵی بەسەر خوێنەر دروست بکات، بۆیە لە گفتووگۆی پەروەردەیی و ئامۆژگاریکردندا، لایەنی جوانکاری و زمانێکی پڕ لە رەوانبێژی و هونەری دەکەوێتە بەرچاو، نووسەر بۆ جێبەجیکردنی ئامانجی پەروەردەیی لادان و ڕەمز و بەشەکانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە واتاناسی و جوانکاری و ڕوونبێژی بەکاردێنێت، لە پێناو ڕوونکردنەوە و گەیاندنی پەیامە پەروەردەییەکەی خۆی گوزارشتکردن لە بەها پەروەردەییەکان و تەوزیفکردنیان لە ناو ڕۆماندا، ئەوا هونەرەکانی "دارشتن و جۆرەکانی ڕستە و هەواڵدان، لێکچواندن و خواستن و خوازە، دژییەک و ڕەگەزدۆزی و تیلنیشان و تێکهەڵکێش و پاتکردنەوە و سەروادار و ڕوونکردنەوە و زیادەڕۆیی،....تاد" کەم تا زۆر بەکار دەهێنێت. بەمە شیعرییەتی زمانی ڕۆمانەکەی بەرز دەبێتەوە و ئاستی کاریگەری و چێژی زمانە پەروەردەییەکە زیاتر دەبێت لە رۆمانەکەدا.

**ئەنجامەکان:**

1. لە ڕوانگەی تیۆری ئەرکییەوە یەکێک لەو ئەرکانەی، کە بەرهەمی ئەدەبی هەیەتی خۆی لە بەرپرسیارییەتی پەروەردەیی و هۆشیاری و مەعریفی و پەیامداری و ئەرکی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەبینێتەوە، ئەگەر دەقی ئەدەبی لە ڕوخساردا جوانکاری هونەریی هەیە، ئەوا لە ناوەرۆکیشدا جوانییەکی بابەتی هەیە، کە ڕەهەندی پەروەردەیی و مەبەست و پەیامی ڕەوشتی و دەروونی و کۆمەڵایەتی لەخۆگرتووە.
2. ڕۆمان ژانری بەرجەستەکردنی ئەزموونی مرۆڤایەتییە و دەبێتە کەرەستەیەکی گرنگ بۆ پەروەردەکردنی خودییەتی تاک لە ڕووی پەروەردەی دەروونی و عەقڵی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسی و بوارەکانی ترەوە. لە ڕۆمانی پەروەردەییدا بوارە پەروەردەیی و فێرکارییەکان لە ڕێگەی ژیان و مامەڵەی کاراکتەرەکان و ڕووداو و بەسەرهاتەکانەوە وێنا دەکرێن و کاراکتەر دەبێتە ئەو ئاوێنەیەی، کە پەروەردەی تەندروست و ناتەندروست، باش و خراپ و جوان و ناشیرین دەخاتەڕوو، گوزارشت لە بەها ڕەوشتییەکان دەکات.
3. سەبارەت بە بوونی ڕۆمانی پەروەردەیی لە ڕۆمانی کوردیدا، ئەوەمان بۆ ڕوون بوویەوە، کەوا ڕۆمانێکی تەواو پەروەردەیمان نییە، کە تایبەت بە ئامانجی پەروەردە و فێرکردن یان پەروەردەیەکی دیاریکراو نووسرابێت، ستراتیژییەتێکی پەروەردەیی هەبێت، یاخود نووسەرێکی پسپۆڕ و دیاریکراومان نییە، کە تایبەت بەو بوارە و لە پێناو ئەو ئامانجەدا ڕۆمانەکانی بنووسێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ڕۆمانی کوردی لە ڕووی ناوەرۆکەوە فرە بابەتە و یەکێک لەو بوار و بابەتانەشی، کە لەخۆی دەگرێت بابەتی پەروەردەییە، واتا هەموو ڕۆمانێک کەم تا زۆر ڕەهەندی پەروەردەیی تێدایە.
4. سەبارەت بە بوونی ڕەهەندی پەروەردەیی و بابەت و جۆرەکانی پەروەردە لە ڕۆمانە کوردییەکاندا، بەشێویەکی گشتی ڕەهەندی پەروەردەیی و جۆرەکانی پەروەردە و بەها ڕەوشتی و ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆمانە کوردییەکاندا بوونێکی فراوانی هەیە، کە ئەمەش بۆ ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئایینی و بارودۆخی سیاسی و داب و نەریتی نەتەوەیی دەگەڕێتەوە.

**سەرچاوەکان**

**ـ بەزمانی کوردی**


- ئیبزامر، م.هـ، (٢٠٠٨) لە کتێبی ڕۆمان چییە؟، وەرگێڕانی: جەواد مستەفا، پێداچوونەوەی هەژار ڕەحیم، چاپی یەکەم. دهۆک: چاپخانەی خانی.
- ئیسماعیل، نەسرین ڕەئوف. (٢٠١٠) ئەرکی شیعر لە ئەدەبی کوردیدا، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- ئیمامی، نەسروڵا. (٢٠١٨) بنەما و میتۆدەکانی رەخنەی ئەدەبی. وەرگێڕانی: سەنگەر نازم و هیمداد حوسین. چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی ئاوێر.
- ئەمین، محمد تەها (٢٠١٢) گرفتە پەروەردەییەکان پێشنیاز و هەوڵ بۆ چارەسەر، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی دەزگای ئاراس.
- اسماعیل، پ.ی. د. ڕێبوار محمد (٢٠20) رِەهەندەکانی رِەخنەی رِۆمانسیزم لە رِەخنەی ئەدەبی کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمییای کوردی، ژمارە 46.
- پاموک، ئۆرهان. (٢٠١٦) ڕۆماننووسی سادە و ڕۆماننووسی بیرکەرەوە. ەرگێرانی: بەکر شوانی. چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی ناوەندی ئەندێشە.
- حوسێن، (٢٠١٥) هەڵسەنگاندنی دروستەی کۆزانیاری پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی بنەڕەتی خوێندنی کوردی وەک نموونە. گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە ٢.
- حوسێن، پ.ی.د. هیمداد. (2007) ڕێبازە ئەدەبییەکان. چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی دەزگای ئاراس.
- حوسێن، سەنگەر نازم ـ مەولوود، ڕێزان سالح. (20018) ژانرە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم، هەولێر: ناوەندی ڕۆشنبیری ئاوێر.
- رەشید، سابیر (2017), رومانی کوردی، چاپی یەکەم، هەولیر: چاپخانەی اراس.
- الرحمانی، ئەحمەد. (٢٠٢١) تیۆرەکانی ڕەخنەی ئەدەبی و پراکتیزەکردنیان. وەرگێرانی: سەردار گەردی. چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی ئاوێر
- ڕێبور محەمەد مەلازادە، (2019) شێوازناسی لەئەدەبدا، دەزگای ئاودێر، چاپی یەکەم، هەولێر.
- ڕەحمان، عەبدوللا، (٢٠٢٠) کۆمەڵگە لە ڕۆمانی کوردیدا ، چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی ئاوێر.
- سعید، ناز احمد ـ علی، صدیق ئەوڕەحمان علی (٢٠٢٠) چەسپاندنی بەهاکان لای منداڵ لە هۆنراوەی کوردی و فارسیدا، گۆڤاری زانکۆ، ژمارەی تایبە بە سیەمین کۆنفرانسی نێو دەوڵەتی زمان و ئەدەبی کوردی
- صبیحي، د. محمد الاخضر. 2016، دەروازەیەك بۆ دەقناسی و بوارەکانی پراکتیزەکردنی، وەرگێرانی: د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- الصواف، محمد شریف. (٢٠٠٤) پەروەردەی منداڵ و هەرزەکاران لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلامدا، و/ نەوا محمد سعید، هەولێر: چاپخانەی نوسینگەی تەفسیر
- عارف، حەمە کەریم. (٢٠٢١) دەروازەیەک بۆ جیهانی چیرۆک و ڕۆمان. چاپی یەکەم. سلێمانی: چاپخانەی ڕەهەند
- عەبدوڵڵا، چنار سەعد (٢٠١٠) پەروەردە و نەتەوایەتی، چاپی یەکەم، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس.
- فەرهادی، حەمە ساڵح. (٢٠١٣) پێگەی شعری منداڵان لای شاعیرانی کورد. چاپی یەکەم. هەولێر:چاپخانەی حاجی هاشم.
- قەرەنی، ئەحمەد. (2007) شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردید نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم. چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی ئاراس.
- کۆمەڵێک نوسەر. (٢٠٠٨) ڕۆمان چییە. وەرگێڕانی: جەواد مستەفا. چاپی یەکەم. دهۆک: چاپخانەی حانی.
- گەردی، د. سەردار ئەحمەد. (٢٠١٧) ڕەخنەی ئەدەبی، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی هێڤی.
- مالکام برادبری (٢٠٠٨) لە کتێبی ڕۆمان چییە؟، وەرگێڕانی: جەواد مستەفا، پێداچوونەوەی هەژار ڕەحیم، چاپی یەکەم. دهۆک: چاپخانەی خانی.

- مەلازادە، د.ڕێبوار محمد. (2021) زانستی دەق لە ئەدەبدا، چاپی یەكەم. ناوەندی ئاوێر: هەولێر.
- مەنتک، حەمە. (٢٠٢١) ئارکیۆلۆژیای پۆلینی ڕۆمانی کوردی . چاپی یەکەم. سلیمانی: چاپخانەی سەردەم
- نورتروپ فرای (٢٠٠٨) لە کتێبی ڕۆمان چییە؟، وەرگێرانی: جەواد مستەفا، پێداچوونەوەی هەژار ڕەحیم، چاپی یەکەم. دهۆک: چاپخانەی خانی.
- یاقووب، عەلی عوسمان. (٢٠١٩) ڕۆمان ژانری تەکنیکە جوانەکان و ڕەگەزە فرە ڕەهەندەکان. بەرگی یەکەم. چاپی یەکەم. سلێمانی: چاپخانەی سەردەم.
- یاقووب، عەلی عوسمان.(٢٠٢١) ڕۆمان ژانری تەکنیکە جوانەکان و ڕەگەزە فرە ڕەهەندەکان. بەرگی دووەم. چاپی یەکەم. سلێمانی: چاپخانەی سەردەم.

ـــــ بەزمانی عەرەبی

- سانتیانا، جۆرج. (١٩٧٠)لإحساس بالجمال تخطيط لنظرية في علم الجمال، ترجمه: محمد مصطفى بدوي، طبعة الاولى، مصر: المركز القومي للترجمة.
- نايل، احمد علز (2006) التحليل الأدبي أسسة و تطبيقاته التربوية، مصر: دار الوفا لدنا الطباعة والنشر، الأسكندرية.
- خزرجى، ( 2013 ) القيم التربو ية المتضمر نفى كتب المط العة و النلصوص للمرح لة المر توسطة . رسالة مر اجستر . جامعة ديالى، كلية التربية الاسلامية .قسم اللغة العربية .
- -لالاند، أ. (2001) موسوعة لالاند الفلسفية خليل أحمد خليل، مترجم، ج2، الطبعة الثانية، بيروت: منشورات عويدات.


## الرواية التربوية وطريقة ظهورها في الروايات الكردية


**محمد بەكر محمد**

قسم اللغة الكوردية- كلية التربية _ جامعة صلاح الدين – أربيل

mohammad.bakir@su.edu.krd

**جرا بلا نادر**

طالبة ماجستر

chra.nader@student.su.edu.krd



**ملخص**

هذا البحث بعنوان "الرواية التربوية وطريقة ظهورها في الروايات الكردية" وهو جزء منه مشتق من رسالة ماجستير. هناك إشارة في هذه الدراسة إلى المواد التعليمية والميدان. كموضوع عام يتعلق بحياة الإنسان ، فإن الطريقة التي ينعكس بها هذا الموضوع قد ظهرت في نوع من الأدب يُعرف باسم النوع الروائي ويقع ضمن حدود الأدب الكردي.

بشكل عام ، يعمل هذا البحث على محتوى النص وهو وسيلة لإظهار الأبعاد التربوية والقيم الأخلاقية إلى جانب وجودها في محتوى نص الرواية الكوردية. التعليم ظاهرة نشطة تشارك بشكل رئيسي في وجود وبقاء البشر. يتعلق ببدايات حياة الإنسان وبدأت في اللحظة الأولى من حياة الإنسان. ثم بناءً على مبدأ رد الفعل وبعد إنشاء المجتمع وحياة التنشئة الاجتماعية المختلفة ، يأتي التعليم النظري بطريقة غير برنامجية وعملية. بعد خلق الحياة. وهكذا ، يتجسد التعليم تدريجياً في نظام علمي وأدبي وفني.

في هذا البحث ، تمت مناقشة العلاقة بين التعليم والأدب وتم تسليط الضوء على واجب الأدب في عملية التعليم وكذلك تصوير أبعاد وأنواع التعليم. هناك أيضًا إشارة إلى وظيفة نوع الرواية من هذا المنظور وضمن هذا الإطار. يتم إلقاء نظرة على أنماط وأنواع التعليم حسب أنواع الروايات الكردية.



**الكلمات المفتاحية:** التربية ، الرواية التربوية ، الواجب الأدبي ، المحتوى ، أسلوب النص.


## Educational Novel and The Way of Its Appearance in Kurdish Novels


**Muhammed Baker Muhammed**
College of education /Salahadin University
mohammad.bakir@su.edu.krd

**Chra Bilal Nader**
MA student
chra.nader@student.su.edu.krd



**Abstract**

This research, which is entitled "Educational Novel and The Way of Its Appearance in Kurdish Novels", part of which is derived from the MA thesis. There is a reference in this study to the educational subjects and field. As a general topic, which is related to human life, the way this subject is reflected has been shown in a kind of literature known as the novel genre and it is within the boundaries of Kurdish literature.

In general, this research works on the content of the text and it is a way to show the educational dimensions and ethical values besides their existence in the content of the Kurdish novel text. Education is an active phenomenon that mainly participates in the existence and survival of human beings. It is related to the beginnings of human life and started began at the first moment of human life. Then based on the reaction principle and after the creation of society and various socialization life the theoretical education comes in a non-programmatic and practical way. after the creation of the life. Thus, education gradually gets embodied within a scientific, literary and art system.

In this research, the connection between education and literature has been discussed and the duty of literature in the process of education as well as depicting the dimensions and types of education are highlighted. There is also to a reference to the function of the genre of novel from this perspective and within this frame. A glance is given to the styles and types of education according to the types of Kurdish novel .



**Key words:** Education, Educational novel, Literary duty, Content, Text Style.